دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی جۆزەردانی ١٣٨١ | ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٤٢ | ١٥٠ تمەن



### ڕۆژی جیهانیی منداڵان

### لە جگەرگۆشەکانی دایکی نیشتمان پیرۆز بێ

بە بۆنەی ١ی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە پیرۆزبایی تێکەڵ بە خۆشەویستیی بێسنوورمان پێشکێشی منداڵانی کوردستانو جیهان دەکەین.

پێمان خۆش بوو بە گوڵو نۆقڵو بووکە شووشەوە لەو ڕۆژەدا بچینە جێژنانەی ئەومنداڵانەی زۆری زۆرداروجەوری ڕۆژگار ئەوانو ئازیزانیانی ـ وەك "کوردستان"ـ لە زێدو وڵاتی خۆیان دوور کردوونەوە.بەڵام بەداخەوە بۆمان نەگونجا. هەربۆیە کەوتینە بیری ئامادە کردنی "جێژنانە"یەکی ساکارو خۆمانە. ئەویش پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵان بۆ ئەم ژمارەیەیە. مزگێنییش دەدەین بەو ئازیزانە کە لەمەودوا نیوەنیوە پاشکۆی تایبەت بە منداڵان بڵاو دەکەینەوە.

"کوردستان"

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!**

**تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێراوی کونگرەی دوازدەهەمی حیزب سەعات ٩ی بەیانیی ڕۆژی دووشەممۆ ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠ی مانگی مای ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، شەشەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دەست پێ کردو پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ١ی جۆزەردان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لەو پلینۆمەدا پاش پەسندکرانی بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە ڕاپورتێکی سیاسیی پێشکەشی بەشدارانی پلینۆم کرد کە لەودا هێندێ ڕووداوی تازەی ناوچە، ئێرانو کوردستان کەوتبوونە بەر باسو هەڵسەنگاندن. ئەم ڕاپورتە پاش باسو لێدوانێکی تێرو تەسەل بە بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب پەسند کرا.

لە ڕاپۆرتی سیاسیی دەفتەری سیاسیو لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ناوچەدا ئاماژە بە گرژیو ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەی نێوان فەلەستینو ئیسرائیل کرابوو و هێرشی نیزامیی ئیسرائیل بۆ سەر ناوچە فەلەستینی نشینەکانو کوشتاری بێڕەحمانە لە خەڵكو وێرانکردنی ژێربینای ئابووریی فەلەستین لە لایەكو کردەوە خۆکوژییەکانی ئەفرادی سەربە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان کە لەواندا خەڵکی بێدیفاعی ئیسرائیل دەکەونە بەر مەترسیی کوژرانو بریندار بوون لە لایەکی دیکە بە نارەوا دانرابوونو پێ لەسەر ئەوە داگیرابوو کە کردەوەی توندو تیژی لە هەردوو لایەنی کێشەکەوە نە دەتوانێ ئاسایشو ئەمنییەتی ئیسرائیل دەستەبەر بکاو نە دەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین بێنێتە دی. لەو پێوەندییەدا پلینۆم هیواداریی دەربڕی کە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو وڵاتانی بڕیار بەدەست بەتایبەتی ئەمریکا لە نفووزی خۆیان بە قازانجی گێڕانەوەی هەردوو لایەنی کێشەکە بۆ سەر مێزی وتووێژو گەڕانەوەی ڕەوتی ئاشتی بۆ دۆخی پێش ئەو ڕووداوانە کەڵك وەربگرن.

لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی وڵاتدا پلینۆم لەو بڕوایەدا بوو کە لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمی حیزبدا هێرشی باڵی پاوانخواز بۆ سەر ئازادیخوازان، چاپەمەنییەکانو ڕۆژنامەنووسان توندوتیژییەکی زیاتری بە خۆیەوە گرتوە. ئیددیعاکانی ئیسلاحتەڵەبانی نێو دەسەڵات بێنێوەرۆکیی خۆیان پتر دەرخستوەو هیوای لایەنگرانی ئەو قۆڵە بە وەدیهاتنی وادەو بەڵێنەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە کزیی داوە، بەتایبەت کە خاتەمیو هاوبیرەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو بێدەنگیو تەسلیمبوون دەچن. پلینۆم لە بارەی هاتنە گۆڕی دروشمی "وفاق ملی"یەوە کە لە لایەن دەمڕاستەکانی ڕێژیمەوە بەرز کراوەتەوە لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو دروشمە نە بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵك، بەڵکوو تەنیاو تەنیا بە مەبەستی لێك نیزیك کردنەوەی قۆڵەکانی ڕێژیم ئەویش بە تەسلیمبوونی زیاتری قۆڵی ناسراو بە ئیسلاحتەڵەب هاتۆتە کایەوە. هەر بۆیە مەودای نێوان خەڵكو ڕێژیم بەرینترو کێشەکەیان قووڵتر بۆتەوە کە ئەویش بەربڵاوتربوونی بەربەرەکانیی خەڵك لەگەڵ ڕێژیمی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

پلینۆم هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپای لە پێوەندی لەگەڵ بە تیروریست ناسینی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانو پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ی بە هەنگاوێکی سازشکارانەی ئەو یەکیەتییە لە پێناوی ڕازیکردنی ئێرانو تورکیەدا هەڵسەنگاندو بە ساتوسەودایەکی هەرزان قیمەتی دانا، بەتایبەت کە یەکیەتیی ئورووپا لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا هەرگیز بۆچوونێکی ئەوتۆی لەسەر "PKK" دەرنەبڕیوە بەڵام ئێستا لە هەلومەرجێكدا کە" PKK" خەباتی چەکدارانەشی وەلا ناوە، بە تیروریستی دادەنێ. یەکیەتیی ئورووپا لە حاڵێكدا لە تیروریستبوونی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دەدوێ کە لە ناوبردنی ڕێژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامی بە تیرۆریستو تیرۆریست پەروەر خۆی دەبوێرێو ئەو ڕاستییە لەبیر دەباتەوە کە دادگایەکی بێلایەنو بەئیعتیباری ئورووپایی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی ئێمەو هاڤاڵانیدا بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە بەرزترین پلەکانی بەرپرسایەتیدا بە تیرۆریستپەروەر ناساندو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپاش هەر بەم بۆنەیەوە سەفیرەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە.

٢

### لە کۆبوونەوەی شوورای ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا

## مەرجی سەرەکیی خەبات بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم

لە ڕۆژانی ٣١ی مایو ١ی ژوئەنی ٢٠٠٢دا، کۆبوونەوەی شوورای ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست (S.I)لە شاری کازابلانکا (پێتەختی مەراکیش) بەڕێوەچوو.

کۆبوونەوەی ئەمجارەی S.I بە وتەکانی عەبدولڕەحمان یووسفی سەرۆك وەزیری مەراکیشو سەرۆکی یەکیەتیی سۆسیالیستی خەڵکی مەراکیش (USFP) دەستی پێکرد.

کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (مەسەلەی ئیسرائیلو فەلەستین)، ڕووداوەکانی ئاسیای نێوەڕاستو باشوور، مەسەلەی دێمۆکراسیو مافی مرۆڤو گەشەکردنی هێزە ڕاستەتوندرەوەکان لە ئورووپا، هەوێنی باسە سەرەکییەکانی ئەم کۆبوونەوەیان پێك هێنابوو.

لە کۆبوونەوەی شووراوادا لە سەر پێویستیی پاراستنی مافی مرۆڤ، گەشە پێدانی دێمۆکراسیو هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی جیاوازیی نێوان جیهانی دەوڵەمەندو فەقیر وەك مەرجی یەکەمی خەبات بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم پێداگیرا.

هێندێك لەو کەسایەتییانەی لە بارەی ئەو مەسەلانەوە قسەیان کرد بریتی بوون لە: ئانتۆنیۆ گۆترێس سەرۆکی ئێستای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، نوێنەرانی حیزبی کاری ئیسرائیل، ڕێکخراوی فەلەستینیی فەتح، مێریتسو بێنەزیر بۆتۆ سەرۆکی حیزبی گەلی پاکستان.

لە ڕۆژی دووهەمی کاری ئەو کۆبوونەوەیەدا، ڕاپۆرتی گرووپە کارییەکان خوێندرانەوەو بڕیارنامەیەك لە بارەیانەوە پەسند کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا ناوی کۆمەڵێك حیزبو ڕێکخراوی تازە بۆ ئەندامی تەواو ماف لە ئەنتێرناسیۆناڵداو هەروەها چەند حیزبو ڕێکخراویش بۆ ئەندامی چاوەدێر پێشنیار کران کە لە کۆنگرەی داهاتووی S.I دا بڕیاریان لەسەر دەدرێ

دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو کۆبوونەوەیە پێك هاتبوو لە بەڕێزان دوکتور خوسرەو عەبدوڵڵایی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتو مەجید حەقی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی فینلاند. هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی دوو ڕۆژ کاری کۆبوونەوەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێك لە سەر وەزعی کوردستانو ئێران، چاوی بە نوێنەرانی ژمارەیەك لە حیزبو ڕێکخراوەکان بۆ وێنە نوێنەرانی حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکانی ئەڵمان، سوئێد، ژاپۆن، فینلاند، ئوتریش، چێكو حیزبی سوسیالیستی بێلژیك کەوت.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارنامەیەکی گرنگ لە بارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە پەسند کرا.

کۆبوونەوەی شوورای S .I ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/١ کاتژمێر١ی دوانیوەڕۆ بە کاتی مەراکیش کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

### سەبارەت بە بەردەوامیی ڕەفتاری تێکەڵ بە فەرقو جیاوازیی کاربەدەستان

## ڕەخنە گرتنو نارەزایەتیی ئەندامانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی درێژەی هەیە

دوای ڕەخنە گرتنی چەند ئەندامی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە بەڕێوەنەچوونی ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای خاکەلێوەی ڕابردوداو، بە دوای نامەنووسینی "فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس" بۆ سەرۆکی رادیۆتەلەویزیۆن سەبارەت بە بێحورمەتیی ئەو دەزگایە بە کوردان لەسەرەتای بانەمەڕی ئەم ساڵدا، لەم دواییانەشدا ئەندامانی کوردی مەجلیس جارێکی دیکە ڕەخنەیان لە کردەوەو ڕەفتاری تێکەڵ بە سووکایەتیو فەرقو جیاوازیی بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانی نیزام گرت.

لە تازەترین کردەوەی ڕەخنەگرانەی ئەندامانی کوردی مەجلیسدا، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیو سەرۆکی ئەو وەزارەتخانەیە چونکە هیچ چەشنە متمانەیەك بە کوردان ناکەنو ئامادە نەبوون هیچ چەشنە پۆستێك بە کوردان بسپێرن کەوتوونە بەر ڕەخنە.

## ئیمزای ڕێککەوتننامەی کەم کردنەوەی چەکە ستراتیژیکەکان لە نێوان ڕووسیەو ئەمریکادا



ڕۆژی هەینی ٢٤ی مانگی مای ٢٠٠٢ (٣ی جۆزەردانی ١٣٨١) جۆرج واکر بووش سەرکۆماری ئەمریکاو ڤیلادیمیر پۆتین سەرکۆماری ڕووسیە لە موسکۆ ڕێککەوتننامەی کەم کردنەوەی دوو لە سێی چەکە ئەتۆمییەکانی خۆیان تا ساڵی ٢٠١٢یان مۆر کرد. ئەوان هەروەها بەیاننامەی دەورێکی تازە لە هاوکاریی ستراتیژیك لەنێوان ئەو دوو وڵاتەیاندا ئیمزا کرد.

ڕێککەوتننامەی کەم کردنەوەی چەکە ستراتیژیکەکان داوا لەو دوو وڵاتە دەکا کە لە دەیەی داهاتوودا دوو لە سێی کلاوە ئەتۆمیو ستراتیژیکەکانی خۆیان کەم بکەنەوەو لە ٦٠٠٠بیانگەیەننە ١٧٠٠ تا ٢٢٠٠. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامەیەدا ڕایگەیاند: کلاوە ئەتۆمییەکانی خۆی لەنێو نابا و هەڵیان دەگرێ.

سەرکۆماری ئەمریکا بەر لە سەفەری موسکۆ لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە بێرلیندا ڕایگەیاند: "بە ڕووسیە ڕادەگەیەنم ئەگەر ئێران چەکدار بکا دەبێتە هۆی ئەوەکە سبەینێ هەر بەو چەکانە لێتان هەڵگەڕێتەوە."

## لەم ژمارەیەدا

ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی شەشەمی کومیتە ناوەندی ٢
پەیام بۆ کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا ٥
هەواڵەکانی کوردستان ٥
لە پەراوێزی بانگەوازی ماڵیی دەفتەری سیاسیی حیزبدا ٨
بەرپەرچدانەوەی ئیددیعایەکی نارەوا ٨
بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە ٩
منداڵانی تاراوگە ٩
منداڵانی کوردو پەیماننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ١٠
خۆشم دەوێی ژینگە ١٠
ئاکامی یارییەکانی تۆپی پێی جامی هیوا ١١
چەند هەواڵی وەرزشی ١١

کوردستان

ژمارە ٣٤٢ (١٥ی جۆزەردانی ١٣٨١ )

# ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی

## کە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش کرا



**لە ڕۆژەکانی ٣٠و ٣١ی بانەمەڕو ١ی جۆزەردانـی ئـەم ساڵدا، شەشـەمین پلینومـی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبەشداریی زۆربـەی هـەرە زۆری ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب پێك هات.**

**لە بەشێکی کاری ئەو پلینۆمەدا، هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسـەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزب، لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە ڕاپۆرتێکـی پێشکێشـی بەشـدارانی پلینـوم کرد. لەو ڕاپۆرتەدا هێندێك لە ڕووداوو ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی کوردستان، ئێران‌و ناوچـە لەنێوان دوو پلینومی کۆمیتەی ناوەندیدا هەڵسەنگێندرا بوون. بەشـدارانی پلینـوم لـە مـاوەی چـەند کۆبوونـەوەدا نێوەرۆکـی ڕاپۆرتەکـەو ئاکـام‌و شـوێنەوارو لایەنـە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانیان هێنایە بەرباس.**

**ئـەوەی لـێرەدا دەخرێتـە بـەرچاوی خوێنـەرانی بـەڕێزی "کوردسـتان" دەقـی پەسندکراوی ئەو ڕاپۆرتەیە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:**

هاوڕێیانی خۆشەویست! لەگەڵ بەخێرهاتنی دووبارە هێندێك مەسەلە هەبوون کە پێمان خۆش بوو لێرە دا ئیشارەیان پێ بکەین. لەماوەی نێوان دوو پلینۆمی کومیتەی ناوەندی دا، هەموومان دەزانین چ لە ئێرانێ و چ لە ناوچەو چ لە دنیا دا زۆر ئاڵوگۆڕو ڕووداوی تازە هاتوونە پیشێ کە ڕەنگە ئیشارە کردن بە هەموویان وەختیکی زۆری بوێ‌و لە حەوسەلەی کۆبوونەوەیەکی ئاوا دا نەبێ، بەڵام هیندیك مەسەلە هەن کە لە ئیمە نیزیکترن. ئیمە لە دەفتەری سیاسی دا باسمان کردوون، پیمان باش بوو لە کومیتەی ناوەندییش دا ئەو باسە بکەین. لە واقیع دا زیاتر لەوە کە بلین چۆن تەحلیلیان دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە ئیمە چۆنیان تێ‌دەگەین‌و بەرخوردمان لە گەلیان چۆنەو ئەگەر ڕۆژیك پیویست بوو بیروڕای خۆمانیان لە بارەوە بلین، چۆنیان لێ دەڕوانین.

یەکەم مەسەلە کە لەو بارەیەوە پیویستە ئیشارەی پێ بکرێ هەر ئەو مەسەلەیەیە کە بۆ ئیمە لە هەموو شتیك گرنگترە، وەزعی نیوخۆی ولاتە. وەزعی نیوخۆی ولات سەرفی نەزەر لە مەسائیل‌و موشکیلاتیکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵی ئیران بە گشتی‌و بە تایبەتی کۆمەڵی کوردەواری لە گەلیان بەرەوڕوویە ئەو ناکۆکی‌یانەن کە بە ڕوالەت لە نیوان تاقمەکانی نیو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دا هەن، ئەو کیشەو ناکۆکی‌یانە تازە نین‌و بۆچوونی ئیمەش بەرامبەر بەو کیشەو ناکۆکی‌یانە تازە نیە. زۆر کەس پییان وابوو کە ئەو ناکۆکی‌یانە شەری زیرینگەرانەیە کە لە بەینیان دا هەیە، لە تەرەفیکی موقابیلی ئەوەدا هیندیك کەس پییان وابوو ئیختلافیکی زۆر قوولیان لە بەین دا هەیەو لەوانەیە یەکیان ئەوی دیکە لە بەر یەك هەڵدرێ، ئیمە لە سەرەتا دا پیمان وابووە کە ئەو کیشەیەی لە بەینی جەناحەکانی نیو دەسەڵات دا هەیە هیچ یەك لەوانە نیە. تا ئەو جیيەی مەربووتە بەوەی کە کامیان نوقتە نەزەرەکانی پیادە بکا، کامیان لە ولات دا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، کیشەیەکی جیددی‌یەو هەر کامیکیان هەوڵ دەدا دەسەڵات لە ئیرانێ دا لە دەستی خۆی دا قەبزە بکاو ئەگەر بۆی بکرێ نوختە نەزەرەکانی خۆی بسەپینێ. بەڵام ئەو وەختەی کە مەربووت دەبێ بە پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا پیمان وابووەو ئیستەش هەر پیمان وایە کە ئیختلافی ئەساسی‌یان نیە، چونکی هەموویان وەفادارن بە کۆماری ئیسلامی‌و هەموویان مانەوەی خۆیان لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دا دەبینن. ئەو شتەی کە دە ئاخرو ئۆخرەکانی سالی ڕابردوودا هاتبۆ لیك نزیك ببنەوە کە هیچ زەرەرو زیانیك بە کۆماری ئیسلامی نەگا. تەنانەت لەسەر ئەو بەشە نەزەری جۆراوجۆر هەبوو،و بەشیك پییان وابوو کە مەبەستیان لە ویفاقی میللی تەنانەت ویفاقی میللی بەینی ئەوانەی کە پییان دەڵین ئیسلاح تەڵەب‌و مەزنی خوازەکانیش نیە، زیاتر دەیان هەوێ دەنگی خۆیان لە جەبهەی توندرەو دا یەك بخەن‌و ئەو دەنگانە کە داوای ئیسلاحات دەکەن‌و بە تایبەتی ئەوانەی دە نیو ئیسلاح تەڵەبەکان دا ڕادیکالترن کپ بکەن‌و جەبهەیەکی

پیشێ مەسەلەی ویفاقی میللییش دە واقیع دا وفاقی میللی بەو مەعنا عامە نەبوو کە ئیمە تیی دەگەین‌و ئارەزووی دەکەین، کە دەڵین دەوڵەت دەگەڵ چین‌و تویژەکانی کۆمەڵی خۆی‌و ولاتەکەی ڕیك کەوێ‌و یەکیتی‌یەکی هەموو لاگر لەسەر بناغەی دابین کردنی مافە ڕەواکانی هەموو لایەك پیك بینێ، بەڵکە زیاتر مەبەستیان لە وفاقی میللی ئەوە بوو کە جەناحەکانی نیو حاکمییەت ئەوەندە بەهیزتر لە زیدی ئەوان ساز بکەن. ئەو گیرەو کیشەیە بە باوەری مە بەردەوامە، بەڵام ئەو بەردەوامی‌یە وانیە کە دوو تەرەفی بەرابەر لە موقابیلی یەکدا ڕاوەستابن. بەڵکە ئەوەی کە پیی دەڵین "کفەی ترازو" زیاتر بە لای توندڕەوەکان‌و ئینحسارتەڵەبەکان دا شکاوەتەوەو سەنگینی دەکا، ئەوانن کە ئەهرومەکانی دەسەلاتیان لە دەستی خۆیان لە بە تەواوی قەبزە کردووە هەتا دێ ئەوانەی پییان دەگوترێ ئیسلاح تەڵەب‌و لە سەرووی هەموشیانەوە ڕەئیس جمهوور زیاتر لە موقابیل حەملەی ئینحسارتەڵەبەکان دا پاشەکشە دەکەن. عەلارەغمی بە زاهیر دا شکاندنیك یا تەخفیف قایل بوونیك کە لە ئاخری سالی ڕابردوو دا کردبوویان بە ئازاد کردنی هیندیك لەوانەی کە پییان دەگوتن زیندانیانی میللی ـ مەزهەبی، ئەویش بەو زەمانەتە سەنگینە چەند سەد میلیون تمەنییە، سەرکوت لە ئیرانێ دا بە هیچ جۆر ڕانەوەستاوە، هەموومان دەزانین لەو ماوەیە دا زۆر کەسی تازە گیراون، زۆر حوکمی ناعادڵانە بە سەر ئازادیخوازان‌و جودابیران دا سەپاون‌و دیسانەکە هیندیك ڕۆژنامە کە سەر بە خەتی جەناحی ئیسلاح تەڵەبن، داخراون. کار گەیشتە ئەوەی کە ئەگەر بۆ ماوەی یەك شەوو ڕۆژیش بێ ڕۆژنامەی ئورگانی دەولەتیش داخرا. دوایە وا دیار بوو پییان وابوو ئەوە لە سەحنەی نیونەتەوەیی دا دەنگدانەوەی خراپی لێ پەیدا دەبێ، ئیجازەیان دا جاریکی دیکە بڵاو بیتەوە. مەبەستم ڕۆژنامەی "ایران"ە.

شتیکی دیکە کە ئیمە دەی‌بینین ئیختلافاتە لە بەینی خەلکی ئیرانێ‌و حەرەکەتی ئازادیخوازانەی ئیرانێ لە لایەك‌و ڕیژیمی جەمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا لە لایەکی دیکەوە. ئیمە وا دەبینین کە ئەو ئیختلافە هەتا دێ قوولتر دەبێ. نالیین توندتر دەبێ. چونکە بۆ خۆمان دەزانین ئەو بەرەنگاری‌یەی لە بەینی حکوومەت‌و خەلك دا هەیە، قۆناغی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەبینێ. کەم وایە بگاتە ڕوودەرروویی‌یەکی تەواو. ئەویش دیارە دەلایلی خۆی دەتوانێ هەبێ، یەکیکیان ئەوەیە کە لە نیو حاکمییەت دا جەناحیك هەیە کە گوایە بە ئیسلاح تەڵەب دەناسرێ، ئەوە زۆر جار دەبیتە سەبەبیك بۆ تەخفیفی نارەزایەتیی خەلك لە ڕیژیم، یا هیندیك لە تویژەکانی کۆمەڵ، یا دەتوانین بلیین هەندیك لە ئاحادی کۆمەل بەرابەر بە ڕیژیم. بۆیە زۆر جار بەرەنگاری‌و لە بەریەك ڕاوەستانی توند لە بەینی خەلك‌و دەولەتدا نیە، بەڵام تا دێ ئەو ئیختلافە کە هەیە قوولتر دەبێ، یانی تا دێ ژمارەی ئەوانە کە پییان وایە جەمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا ناتوانێ جوابی موسبەت بە داخوازەکانی خەلك بداتەوە پتر دەبێ، ئەوانەی لە ڕەئیس جەمهوور، لە جەناحی ئیسلاح تەڵەب مەئیووس دەبن تا دێ ژمارەیان پتر دەبێ‌و ئەو دەنگانە کە گورانی زیاتر لەوەی کە خاتەمی هیناویەتی، داوا دەکەن، ژمارەیان هەر وا دیت‌و پتر دەبێ. هیندیك شت هەیە کە لە دەرەوە بڵاو دەبیتەوە، هیندیك شتیش هەیە کە ڕەنگە لە کانالی دیکەوە بە دەست بێ، هەمووی ئیمە کەم‌و زۆر ئاگامان لەو شتانە هەیە کە بلاونابنەوە. ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێیە خەڵك بە ڕادەیەکی زیاتر لە هەموو وەختیك لە ئیسلاحاتیك کە لە نیو حاکمییەت دا ئیدیعای دەکرا نائۆمید دەبن‌و بە تایبەتی لە شەخسی خاتەمی نائۆمید دەبن. یانی ئەو تیزەی کە ناویان لێ نابوو "عبور از خاتمی" هەتا دێ تەرەفداری پتر دەبێ. بۆیە بە باوەری مە ولاتەکەمان لە ئاستانەی ئالوگۆریکی ئیجتماعی دایە. نارەزایەتیی گشتی ڕەنگە لە ئایندەیەکی زۆر نزیك دا نەبێ، بەڵام لە ئایندەیەکی "متوسط" دا دەتوانێ بتەقیتەوە. شەرت نیە ئەو تەقینەوەیە حەتمەن خەباتیکی چەکدارانەو توندو تیژی لێ بکەویتەوە بەڵام بە شیوەیەکی ئاشتیخوازانە و کۆمەڵایەتی دەتوانێ بتەقیتەوەو خەلکەکە گەیشتوونەتە ئەو جیگایە کە توانای تەحمولی وەزعەکەیان نەماوە.

مەتلەبیکی دیکە کە لەو بەینـەدا هاتە پێشێ ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار تەقریبەن پاش ٢٣ سال گەڵاڵەی مەحکوومی کرانی ڕێژیمی جەمهووریی ئیسلامی بە تاوانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ دا لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ڕەت کرایەوە، نەك هەر ئەوە ڕەت

**شتێکی دیکە کە ئێمە دەی‌بینین ئیختلافاتە لە بەینی خەڵکی ئێرانێ‌و حەرەکەتی ئازادیخوازانەی ئێرانێ لە لایەك‌و ڕێژیمی جەمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا لە لایەکی دیکەوە. ئێمە وا دەبینین کە ئەو ئیختلافە هەتا دێ قووڵتر دەبێ. ناڵێین توندتر دەبێ. چونکە بۆ خۆمان دەزانین ئەو بەرەنگاری‌یەی لە بەینی حکوومەت‌و خەڵك دا هەیە، قۆناغی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەبینێ. کەم وایە بگاتە ڕوودەرروویی‌یەکی تەواو. ئەویش دیارە دەلایلی خۆی دەتوانێ هەبێ، یەکێکیان ئەوەیە کە لە نێو حاکمییەت دا جەناحێك هەیە کە گوایە بە ئیسلاح تەڵەب دەناسرێ، ئەوە زۆر جار دەبێتە سەبەبێك بۆ تەخفیفی نارەزایەتیی خەڵك لە ڕێژیم، یا هێندێك لە توێژەکانی کۆمەڵ، یا دەتوانین بڵێین هەندێك لە ئاحادی کۆمەڵ بەرابەر بە ڕێژیم. بۆیە زۆر جار بەرەنگاری‌و لە بەریەك ڕاوەستانی توند لە بەینی خەڵك‌و دەوڵەتدا نیە، بەڵام تا دێ ئەو ئیختلافە کە هەیە قووڵتر دەبێ، یانی تا دێ ژمارەی ئەوانە کە پێیان وایە جەمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا ناتوانێ جوابی موسبەت بە داخوازەکانی خەڵك بداتەوە پتر دەبێ، ئەوانەی لە ڕەئیس جەمهوور، لە جەناحی ئیسلاح تەڵەب مەئیووس دەبن تا دێ ژمارەیان پتر دەبێ‌و ئەو دەنگانە کە گوڕانی زیاتر لەوەی کە خاتەمی هێناویەتی، داوا دەکەن، ژمارەیان هەر وا دێت‌و پتر دەبێ.**

### درێژەی: ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

## بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

پلینۆم ڕەدکردنەوەی گەڵاڵەی مەحکومییەتی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە لە پیوەندی لەگەڵ پیشیلکردنی مافی مرۆڤ لە ئیراندا پیشنیار کرابوو، هەروەها دەرهاویشتنی ناوی ڕیژیم لە لیستی ئەو ڕیژیمانەی کە بەردەوام دەبێ لە ژیر چاوەدیریی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بن، بە ئاکامی سات‌وسەودای ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە کە خۆیان کارنامەیەکی باشتر لە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی‌و لە پیوەندی لەگەڵ پیشیلکردنی مافی مرۆڤیاندا نیەو چەند هۆیەکی دیکە داناو دلنیایی دەربری کە لەبەر بەردەوامبوونی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر پیشیلکردنی مافی مرۆڤ، لە داهاتوودا دیسان وەك ڕابردوو شاهیدی مەحکوومکرانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی دەبینەوەو خۆشحالیی ڕیژیم لەوبارەیەوە هەتا سەر نابێ.

پلینۆم گۆرینی ناوو ئیستراتیژیی "PKK"ی خستە بەر باس‌و هاتە سەر ئەو بروایە کە سەرەرای ئیددیعاکانی ئەو ڕیکخراوەیە لە پیوەندی لەگەڵ گۆرینی ناوو ئیستراتیژیی خۆی‌دا، ئاڵ‌و گۆریکی ئەوتۆ لە سیاسەت‌و بۆچوونەکانی‌دا پیك نەهاتوە، بەتایبەت لە ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی "کۆنگرەی ئازادی‌و دیموکراسیی کوردستان"دا دەرکەوتوە کە ئەو ڕیکخراوەیەش هەر وەك PKK درێژە بە دەخالەت‌و دەست تیوەردانی خۆی لە کاروباری پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەدا کە ئەویش لەگەڵ قازانج‌و بەرژەوەندیی کورد بەگشتی یەك ناگریتەوە.

لە پیوەندی لەگەڵ کوردستاندا پلینۆم ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو فشارەی لەسەر خەلکی ولاتەکەمان‌و هەموو ئازادیخوازانی ئیرانی‌یە، لەسەر خەلکی کوردستان بەهۆی بوونی جووڵانەوەیەکی مافخوازانە زیاترو توندترەو لە بەرانبەردا بیزاری لە ڕیژیمیش لەو بەشە لە ئیراندا زیاترە. پلینۆم ویرای لەبەرچاو گرتنی خۆراگریی خەلکی کوردستان ئامادەیی حیزب‌و کۆمەڵانی خەلکی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی شیاو لەگەڵ هەر ئیحتیمالیك کە ڕووبدا بە پیویستی‌یەکی گرینگ دانا.

پلینۆم پاش ئەو باسانە هاتە سەر هیندێ مەسەلەی تەشکیلاتی‌و نیوخۆیی‌و بەرنامەی پیویستی بۆ دەستنیشان کردن‌و بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان بەرپرسایەتی‌یەکی تایبەتیی خستە ئەستۆی ئەندامانی بەریوەبەرایەتی‌و کادرەکانی ڕیزی پیشەوەی حیزب.

پیویستە بۆ ئاگاداریی هەموو لایەك ڕابگەیەنین کە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ شەشەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی لە ڕیگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەوە بە ئاگاداریی کۆمەڵانی خەلك‌و سەرجەم تیکۆشەرانی دیموکرات دەگا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**
**١٣٨١/٣/٢**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێـــران**

کرایەوە، لەوە موهیمتر ئەوە بوو کە ناوی جەمهووریی ئیسلامی لە ریزی ئەو دەوڵەتانە کە دەبێ لە ژێر چاوەدیریدا بن، هاتە دەرێ. دیارە جەمهووریی ئیسلامی ئەوەی بە سەرکەوتنیکی گەورە بۆ خۆی دادەنێو حەقیشیەتی، لەو بارەیەو حەقیەتی، چونکی ریعایەتی حقووقی بەشەر لە ئیران دا بە هیچ جۆر لە ساڵەکانی رابردوو چاکتر نیە. بەڵام ئەو توانیویەتی لە مەیدانی نیونەتەوەییدا سەرکەوتنیکی ئاوا بە دەست بینێ. وەك دەزانین هەر بەدوای ئەوەشدا دەستیان کرد بە هیندیك حەرەکەت. بە کەڵك وەرگرتن

**بەڵام داخوا ئەوە هەروا بەردەوام دەبێو کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری لە ژێر زەبری ریکخراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ چۆتە دەرێ؟ ئیمە بە هیچ جۆر وا نابینین، بە نەزەری ئیمە رەنگە سالیك نەخایەنێ جاریکی دیکە مەسەلەی لیکۆلینەوەو چاوەدیری بەسەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ئیراندا بیتەوە نیو دەستووری کاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەوەش دەزانین کە تەنیا ریکخراوی مافی مرۆڤ، کە بریارنامەی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی تێدا رەت کراوەتەوە، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە. دەنا بۆ نموونە "هیومەن رایت واچ"و هەرچیکی دیکە هەیە هەموویان تا ئیستا هەلویستیان بەرامبەر بە جەمهووریی ئیسلامی هەر وەکوو جارانە.**

لەو فەزایە خەڵکیکی زۆریان ئیعدام کرد. رەنگە ئیمەی سیاسی زیاتر بە ئیعدامە سیاسییەکانو بە سەرکوتی ئازادیخوازان حەساسییەمان هەبێ، بەڵام خۆ ریکخراوی مافی مرۆڤ وا تەماشای مەسەلەکە ناکا. ئەگەر یەکیك کە بە تاوانی قاچاخی مەواددی موخەددیریش گیراوە، ئیعدام بکرێ، حقووقی بەشەر لە سەری وەجواب دێ. بەڵام لەو وەختەیەوە کە ئەو بریارە دەرچووە تا ئیستا بە پیی ئەو ئامارانە کە بڵاو بوونەوە نیزیك بە پەنجا کەسیان ئیعدام کردوەو ئیعلامیشیان کردوە. لەگەڵ ئەوە هیندیك "منابع" هەن کە پییان وایە ژمارەی ئەوانەی ئیعدام کراون لەوەش زیاترە.

ئیستا بزانین هۆی ئەو سەرکەوتنەی ریژیم چیە. وەختیك هۆیەکەی ئەوە نیە کە وەزعی حقووقی بەشەر لە ئیرانێ دا چاکتر بێ، دەبێ دەلیلی چ بێ؟ ئیمە پیمان وایە هیندیك عامیلی تایبەتی هەبوون کە بوونە باعیسی ئەوە کە جەمهووریی ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە وەدەست بینێ. یەکەمیان ئەوە کە بەشیك لەوانە کە دەیانتوانی دەنگ بە مەحکوومییەتی جەمهووریی ئیسلامی بدەن، لە کۆمیسیۆنی حقووقی بەشەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا نەبوون. پیم وابێ ئیستێ وەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەوەتا ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمیسیۆنی حقووقی بەشەر هەن، بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠٠١ ئەمریکا لەوێ دا نەبوو و ئەوە بۆ خۆی تەئسیریکی زۆری هەبوو، چونکە دەزانین بریارنامەکە تەنیا بە یەك دەنگ رەت کرایەوە. لە پاشان بوونی هەندیك دەوڵەتی دیکە لەو کۆمیسیۆنە دا کە بە دەلیلی جۆراوجۆر پییان خۆش نەبوو ئیران مەحکووم بکرێ، تەئسیری هەبوو. مەسەلەن دەوڵەتیکی وەکوو سووریە کە لە لایەك پەروەندەی مافی مرۆڤی چاکتر لە پەروەندەی جەمهووریی ئیسلامی نیەو لە لایەکی دیکەش موعامەلاتیکی زۆری لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامی هەیەو کۆمەکیکی یەکجار زۆری ماددی لە جەمهووریی ئیسلامی وەردەگرێ یا مەسەلەن ولاتیکی وەکوو کووبا، ئەسلەن دەوڵەتانی وا هەن کە لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامی هاوپەیمانن. هیچ نەبێ لەوەی دا کە لە یەك دەستەی سیاسیو عەمەلی دان لە ناحیەی حقووقی بەشەرەوە. ئەگەر وەکوو نان بە قەرز دانیش بێ لە وەختیکی ئاوا دا رەئی بە قازانجی جەمهووریی ئیسلامی دەدەن بۆ ئەوەی سبحەینێ ئەگەر جەمهووریی ئیسلامییش لە کۆمیسیۆنی حقووقی بەشەر دا دەنگی دا دەنگ بە قازانجی وان بدا.

ئەمجار بزانین ئەو فەزایە چۆن دروست بوو. دەزانین کە ئیستا کۆمسیۆنی حقوقی بەشەر ژمارەیەکی بەرچاو لە دەوڵەتانی عەرەبیی تیدا ئەندامن. پیم وایە یەکیك لە دەلیلە بنەرەتییەکانی ئەو وەزعە ئەو فەزایە بوو کە لە رۆژهەڵاتی نیوەراستو لە سەر کیشەی نیوان عەرەبو ئیسرائیل، بە تایبەتی ئیسرائیلو فەلەستینییەکان لە گۆرێ دایە. ئەو فەزایە وەزعیکی خولقاند کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان پتر لیك نیزیك کاتەوە، دژکردەوەیەك (عکس العمل) بەرامبەر بە سیاسەتی ئەمریکاو ئیسرائیل لە خۆیان نیشان بدەن. بە شیوەیەکی گشتی ولاتانی ئیسلامی دەنگیان بە رەت کردنەوی لایحەی مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامیدا. ئەویش دژکردەوەیەك بوو بەرابەر بەو سیاسەتە کە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نیوەراستدا ئیعمالی دەکا. ئوسوولەن ئەمریکا بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانیشی لە ناوچەی عەرەبیدا هیندیك دیدگای تازەی هەیەو ئەوانیش هیندیك دیدگای تازەیان بەرامبەری هەیە. ئەوە بە نەزەری من عامیلی هەرە ئەساسی بوو لە رەت کردنەوەی بریارنامەی مەحکوومکردنی جەمهووریی ئیسلامیدا. بەڵام داخوا ئەوە هەروا بەردەوام دەبێو کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری لە ژێر زەبری ریکخراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ چۆتە دەرێ؟

**دریژەی:**

# راپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی

ئیمە بە هیچ جۆر وا نابینین، بە نەزەری ئیمە رەنگە سالیك نەخایەنێ جاریکی دیکە مەسەلەی لیکۆلینەوەو چاوەدیری بەسەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ئیراندا بیتەوە نیو دەستووری کاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەوەش دەزانین کە تەنیا ریکخراوی مافی مرۆڤ، کە بریارنامەی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی تێدا رەت کراوەتەوە، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە. دەنا بۆ نموونە "هیومەن رایت واچ"و هەرچیکی دیکە هەیە هەموویان تا ئیستا هەلویستیان بەرامبەر بە جەمهووریی ئیسلامی هەر وەکوو جارانە.

**ئەمن پیم وایە خەڵك بە ریگای خۆیاندا دەرۆن چ خاتەمی ئیستیعفا بکاو چ خاتەمی ئیستیعفا نەکا. بەڵام هەم فەزای سیاسیی ئیرانێو هەم وەزعی جامیعەی ئیران جۆریك نیە کە بلیین خشوونەت یان ئیقدامی توندو تیژ بە ئاسانی دەست پێ دەکا. رەنگە ئەوە شتیکی باشیش بێ، خشوونەت دەتوانێ شت بگۆرێ بەڵام لە عەینی ئەوەدا کە شت دەگۆرێ زۆر شتی خەراپیش دینیتە ئاراوە. زۆر مەرگو مالویرانی بەرپا دەکا کە جوبرانیان لە ئایندەدا رەنگە ئاسان نەبێ. هەر ئینقلابیك ئەگەر مومکین بێ لە ریگای ئاشتیخوازانەوە ببێ ئیمەش قەت پیمان خۆش نیە بە ریگای خشوونەتدا ببێ. ئەمما پیم وایە بمانەوێو نەمانەوێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامی سەرئەنجام دەکیشیتە جیگای وا کە رەنگە کەس ئارەزووی نەکا.**

لەم دواییانەداو دروستتر بلیین لە رۆژی ١٥ی بانەمەردا ئاغای خاتەمی لە ریورەسمیکدا کە بۆ ناساندنی مامۆستایانی نموونە گیرابوو هیندیك قسەی کردن کە نەوعیك ئیعتراز بوون بەو فشارانە کە لە تەرەف جەناحی توندرەوەوە دینە سەر ئیسلاحتەلەبەکانو سەر بەرنامەکانی دەوڵەت. لە پاشانیش نەوعیك هەرەشە بوون بە وەدەنگ هاتنو تەنانەت تەفسیری ئەوەی لی کرا کە هەرەشەیە بە ئیستیعفا. بە نەزەری مە ئەوە کە خاتەمی هەرچەند بە شیوەیەکی زۆر سازشکارانەش، بەڵام سەرئەنجام هاتۆتە قسە شتیکی موسبەتە. ناوبراو زۆرجار هەرەشەی کردبوو کە حەقایق بە خەڵك دەڵێو ئیستا هیچ نەبێ بەشیك لە حەقیقەتی بە خەڵك گوتوە. ئەوە بۆخۆی شتیکی موسبەتەو لە عەینی حالدا نیشانەی ئەوەیە کە وەزعەکە گەیوەتە جییەك تەنانەت ئەویش ناتوانێ ئیدی تەحەمولی بکا، کە دەڵیم ئەویش لەبەر ئەوەیە چونکی ئەو پیمان خۆش بێو پیمان خۆش نەبێ، نەخشی "ترمزکننده"ی هەیە. هەمیشە بە خەڵك دەڵێ ئیمە نابێ فەزاکە ئاڵۆز کەین، ئیمە نابێ توندو تیژی بکەین، لیمان بووەتە عیسای زەمان دەڵێ ئەگەر زللەیان لە لای راستی روومەتی دای لای چەپیشیان بۆ راگرە. بەڵام ئەویش وەدەنگ دێ. هەر ئەوە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە کار گەیشتۆتە جیگەیەکی غەیرە قابلی تەحەمول. کەوایە بە شتیکی موسبەت دەتوانین هەڵی سەنگینین. بەڵام بە باوەری من، ئەو تەفسیرەی لە قسەکانی خاتەمی کرا تەفسیریکی بەجێ نەبوو، خاتەمی لە واقیعدا هەرەشەی نەکرد کە ئیستیعفا دەدا، جوملەیەك کە باسی ئیستیعفای تێدا دەکا ئاوایە: دەڵێ ئەگەر بزانم دەوڵەت لە ریگای خۆی لای داوە لە ئیستیعفا دان یەك رۆژ دوا ناکەوم، ئەوە یانی چی؟ ئەو ناڵێ ئەگەر ئەو فشارانە بەردەوام بن ئیستیعفا دەکەم، ناشڵێ ئەگەر دەوڵەت نەیتوانێ بەرنامەکانی خۆی پیادە بکا ئیستیعفا دەکەم. دەڵێ ئەگەر بزانم دەوڵەت لە ریبازی خۆی لای داوە ئیستیعفا دەکەمو خەڵك بە ریگای خۆیاندا دەرۆن. باشە، لە واقیعدا ئەو دەیەوێ بڵێ دەوڵەت لە ئامانجەکانی خۆی لای نەداوەو باوەری پییان هەیە. دەوڵەتیش خۆیەتی، پیش هەموو کەس خۆیەتی، خۆ ئەو وەزیریك نیە. وەزیریك دەتوانێ بڵێ ئەمن ئەگەر بزانم دەوڵەت لە بەرنامەکانی خۆی لای داوە ئیستیعفا دەدەم، بەڵام ئەو لە رەئیسی دەوڵەت دایە. تئوریسیەنو خەللاقی ئەو تئوریەیە کە ئیستا ئەو کاری پێ دەکا. ئەو هەرشەیە مانای ئەوەیە کە هەر ئەوەندە کە ئەو وەفادارە بە بەرنامەکانی، با بەرنامەکانی جیبەجیش نەکردبن کافییە. کە واتە ئەو ئیستیعفا بۆ بکا؟ لە پەرانتیزدا ئەوەش بڵیم کە ئەو رۆژانە ئیعلامی کردوە ئیستیعفا ناکا. بە رەسمی ئیعلانی کرد کە ئیستیعفا ناکا. کەوابێ ئەوە تەفسیریکی کەمیك نارەوا بوو کە لە قسەکانی وی کرا بوو.

**رووداویکی دیکە کە بۆ ئیمە جیگای سەرنج بوو ئەو بریارە بوو کە لە پارلمانی ئورووپا دا دەرچوو لەبارەی بە تیرۆریست ناسینی P.K.Kو سازمانی موجاهیدینەوە. ئەو بریارە بریاریکی نارەوا بوو، و بریاریك بوو کە ئوسوولەن لە ئیمانو لە لیکدانەوەیەکی قووڵی ئەو ریکخراوەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکوو تەنیا ئاکامی مەسلەحەت پاریزیو ساتو سەودای بازرگانیو دیپلۆماسی دەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو دوو ولاتە دایە.**

وەختی خۆی پیم وابێ گوتمانو نووسیمان، کە نەیدەویست کاندیدا بێ. ئەمری پێ کرا کە کاندیدا بێ یەعنی نەیتوانی بڵێ ئەمن رەئیس جەمهوور نابم، کاندیدای سەرکۆماری نابم، ئیستاش جورئەتی ئیستیعفای نیە، چونکە ئیستیعفادان رووبەروو بوونەوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ جەناحی توندرەو و بەتایبەتی لەگەڵ مەقامی رەهبەرییەو خاتەمی شەهامەتی ئەو رووباروویییەی لەگەڵ مەقامی رەهبەریو لەگەڵ جەناحی "ئینحیسارتەلەب" تێدا نیە. لەبەر ئەوە ئیستیعفای ئاغای خاتەمی بە هیچ جۆر بە شتیکی موحتەمەل نازانین. ئەمن بەش بە حالی خۆم پیم وایە تا ئەو جیبەی ئالوگۆریکی دیکە دیتە پیشێ، یان تا ئەو کاتەی دەورانەکەی تەواو دەبێ لەو پۆستەدا دەمینیتەوە. ئەوەی لە قسەکانی خاتەمیدا گرنگە تەنیا ئەو بەشەیە کە دەڵێ ئەگەر وا نەبێ خەڵك بە ریگای خۆیاندا دەرۆن. ئەمن پیم وایە خەڵك بە ریگای خۆیاندا دەرۆن چ خاتەمی ئیستیعفا بکاو چ خاتەمی ئیستیعفا نەکا. بەڵام هەم فەزای سیاسیی ئیرانێو هەم وەزعی جامیعەی ئیران جۆریك نیە کە بلیین خشوونەت یان ئیقدامی توندو تیژ بە ئاسانی دەست پێ دەکا. رەنگە ئەوە شتیکی باشیش بێ، خشوونەت دەتوانێ شت بگۆرێ بەڵام لە عەینی ئەوەدا کە شت دەگۆرێ زۆر شتی خەراپیش دینیتە ئاراوە. زۆر مەرگو مالویرانی بەرپا دەکا کە جوبرانیان لە ئایندەدا رەنگە ئاسان نەبێ. هەر ئینقلابیك ئەگەر مومکین بێ لە ریگای ئاشتیخوازانەوە ببێ ئیمەش قەت پیمان خۆش نیە بە ریگای خشوونەتدا ببێ. ئەمما پیم وایە بمانەوێو نەمانەوێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامی سەرئەنجام دەکیشیتە جیگای وا کە رەنگە کەس ئارەزووی نەکا.

مەسەلەیەکی دیکە مەسەلەی رەوابیتی ئەمریکاو ئیرانە. دەزانین لە چەند مانگی رابردوودا لە واقیعدا پاش ئەو حەوادیسەی کە لە یازدەی سیپتامبری ٢٠٠١دا لە ئەمریکا قەوما، هیندیك شتی تازە لە بارەی پیوەندییەکانی ئیرانو ئەمریکاوە هاتنە گۆرێ. مەسەلەن قسەکانی جۆرج بوش کە سێ ولاتی بە میحوەری شەرارەت ناو بردن، قسەکانی تازەی نەزەری رەسمیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئیران بە یەکیك لە سەرچاوەکانی هەرە فەعالی تیروریزم دادەنێ، وەزارەتی ئوموری خاریجە شتیکی دەرکردوە کە کۆماری ئیسلامی لە ریزی ئەو ولاتانەدا کە پشتیوانی تیروریزمن بە یەکەم ولات داناوە. بەڵام ئەوەی ئیمە تیی دەگەین ئەو گرژییە هەتا ئیستا لە نەوەساندایە، چ لە لایەن ئەمریکاوە چ لە لایەن ئیرانەوە. وەختیك جۆرج بوش ئەو قسانەی کردن کاربەدەستانی ئیران زۆر عەجایب ترسیان رێ نیشت. زۆر بە دەستو پێ ون کردوویی دەستیان کرد بە مەحکوومکردنی رووداوی یازدەی سیپتامبرو هیندیك ئیشاراتیان دا کە سەعی بکەن ئەوەی سووك بکەن، تەخفیفی بدەن. لە پاشان کە دیتیان هەرەشەیەکی جیددی لەسەر وان نیە، چونکە لە رۆژەکانی هەوەڵێدا وا دەهاتە بەرچاو کە مومکینە حەملەیەکی نیزیکی نیزامی بۆ سەر ئیرانێ دەست پێ بکرێ. کە دیتیان ئەوە دوورەو ئەوەی ئیستێ رەنگە لە دەستووری کاردا بێ ئەوان نین، هاتن دەستیان کرد بە هەرەشەو گورەشە بە زیددی ئەمریکاو شوعاری مەرگ بەر ئەمریکا کە لە دوو نویژی جومعەدا هەڵیان گرتبوو جاریکی دیکە هاتەوە جیگەی خۆی. لە موقابیلدا لە ئەمریکاش هەر وابوو. دەبینین لە لایەك ئەو قسانە دەکرین، لە لایەکی دیکەش دەڵین ئیمە هیچ بەرنامەیەکی تازەمان نیە، ئیمە دەمانەوێ لەگەڵ ئیرانێ مەسەلەکانمان بە ئاشتی حەل بکەین.

لە عەینی حالیشدا هەردووك جەناحەکەی حکوومەت بە جۆریك لە جۆران کەوتوونە رەقابەت کردن لەگەڵ یەکتری بۆ ئەوەی کە لە ئاشتبوونەوەیەکی ئیحتمالی لە بەینی ئیرانو ئەمریکادا بۆخۆیان پیش قەدەم بووبن. ئەگەر ئیفتیخاریکە ئیفتیخارەکە بەدەست وان بێ. ئەو خەبەرانەش کە دەگەن بە هیندیك بواری نهینیدا ئەوەیە کە وەك یاری مشكو پشیلە وان، لە لایەك خەبەرەکەی دەڵینو لە لایەك تەکزیبی دەکەن. بەتایبەتی ناوی هاشمیی رەفسەنجانی کە دیتە نیو ناوان ئەو بۆخۆی هەر عادەتی وایە کاریکی دەکاتو حاشای لی دەکا. لە هەمووی جالبتر ئەوە بوو کە دیداریکی ئاشکرا لە بەینی ئەمریکاییەکانو ئیرانییەکاندا لە فەرانسە هەبوو. کۆبوونەوەیەك کرا بە بەشداریی ئەمریکاو فەرانسەو ئازەربایجانو ئەرمەنستان بۆ حەللی ئیختلافاتی بەینی ئەو دوو ولاتە. بەڵام لە نیو دراوسێیەکانی ئەو دوو ولاتەدا تەنیا ولات کە دەعوەت کرابوو ئیران بوو و لەوێ دیداریکی عەمەلی هەبوو لە نیوان ئیرانییەکانو ئەمریکاییەکاندا.

مەوزووعیکی دیکە کە بۆ زۆربەی هاورییان مەترەحە کە ئیمە چۆنی تێدەگەین ئەو ئالوگۆرەیە کە بە زاهیر لە نیو PKK دا رووی داوە. کۆنگرەی ئەم دواییەو ناوگۆرین. ئیمە لە رۆژنامەی کوردستاندا شتیکمان لەسەر نووسی کە پیم وایە قسەکانی منیش لەسەر یەك لەو چوارچیوەیەدان. ناوگۆرین حەقی هەموو حیزبیکی سیاسییەو دەتوانێ ناوی خۆی بگۆرێو دەتوانێ بیهیلیتەوەو هیچ حیزبیکی دیکە

# درێژەی: ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی

بۆی نیە لەسەر گۆڕین یا نەگۆڕینی قسە بکا، بەڵام ناوگۆڕین بۆخۆی لە خۆیدا ناتوانێ هیچ بێ، حیزبە سیاسییەکانیش کە ناو دەگۆڕن لە جێدا بۆیەی دەگۆڕن کە دەگەڵ سیاسەتی تازەیان یەك بگریتەوە. مەسەلەن هەر لە حیزبی خۆماندا کە کۆمەڵەی ژ- ك (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دەگۆڕێ بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بەرنامە سیاسییەکەی ئەوەیە لەوێدا حیزبیکی ناسیۆنالیستییەو سیرفەن کوردستانییەو مەسائیل لەو روانگەیەوە دەبینێ. ئیستێ دەیهەوێ حیزبیك بێ کە دەگەڵ هەموو ئیرانێ تیکەڵ بێ، دەگەڵ جامیعەی "بین المللی" هەماهەنگی بکا. کەوابێ ناویك کە سیرفەن باس لە ناسیۆنالیزمی کورد دەکا ناویکی پڕ بە پیست نیە. دینێ سیفەتی دیمۆکرات کە بۆخۆی مەعنایەکی تازە دەبەخشێ دینیتە نیو ناوەکەیەوە، چونکی سیاسەت گۆڕاوە ناوەکەشی دەگۆڕێ. ئی P.K.Kی وانیە، P.K.K دەواقیعدا سیاسەتو رەفتارو بۆچوونی نەگۆڕیوە. کەدەلیم نەیگۆڕیوە مەبەست ئەوەنیە کە لە چەند سالی رابردوودا نەیگۆڕیوە. بەڵام لەو وەختەیدا کە ناوی گۆڕیوەو کۆنگرەی گرتوە شتیکی لە سیاسەتی خۆی نەگۆڕیوە. ئەگەر دەلین وازی لە خەباتی چەکدارانە هیناوە، ئەوە زیاتر لە دوو سالە کردوویەتی، ئەگەر گۆیا بۆتە "منادی"ی دیمۆکراسی لە تورکیەدا ئەوەشی کۆنە، تەسلیم تەلەبییەکانیو هەرچی هەیەتی هەموویان هەر کۆنن.

لیرە هیچی نەگۆڕیوە، P.K.K بە سیاسەتە غەلەتەکانیدا نەهاتۆتەوە. ئەوەی P.K.Kی تووشی ئەو رۆژە کرد، سیاسەتی ناواقیع بینانە بوو، راستە ئەوان بەو شوعارە پڕ زەرقو بەرقانەی کە هەیان بوو توانیان لە کوردەکانی سووریەشو ئیرانیشو عیراقیش جەمعیك بە لای خۆیاندا رابکیشنو بە پیی ئەو ئیمکاناتە ماددییەش کە هەیانە تەنانەت توانیان لانیکەم لە دوویاندا حیزبی سیاسیی تایبەتییش کە سەر بە خۆیانەو نوسخە بەدەلی خۆیانە، دروست بکەن. بەڵام P.K.K بۆخۆشی دەزانێو دنیاش دەزانێ حیزبیکە مەربووتە بە کوردستانی تورکیە. کەچی ئەو هەمیشە خۆی بە ساحیبی هەموو کوردستان زانیوە، خۆی بە وەلیو قەییوومی هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانو هەموو بەشەکانی کوردستان داناوە. ئەگەر تەماشای بریارەکانی دوای کۆنگرە بکەین، دیسان ئەو سیاسەتە لە جیگەی خۆیەتی، دیسان هەتا سەریح تر لە جارانیش، خۆی بە ساحیبی هەموو کوردستان دەزانێ. ناویك کە دایناوە، سەرفەنەزەر لەوە کە لەجێدا چەندە مەعنای هەیە، ئەوە نیشان دەدا کە هی هەموو کوردستانە، تەنانەت گەورەتریشە، کە شوعارەکان دادەنێ شوعارەکانی بۆ تورکیە، بۆ عیراقو بۆ ئیرانێیە. چونکی عەبدوڵا ئۆجەلان بەشی سووریەی بە کوردو کوردستانەوە بەخشیوە، سووریە هەر ناویشی نیە، بەڵام بۆ عیراقێ شوعاری هەیە، بۆ تورکیەی شوعاری هەیەو بۆ ئیرانیش شوعاری هەیە. سەرنج راکیش ئەوەیە کە لەویشدا دەبێ زیاتر دەولەتەکان رازی بکا، تورکیە بۆخۆی ئیددیعا دەکا کە ولاتیکی دیمۆکراتەو ئیستێ دەیهەوێ بچیتە ئیتیحادیەی ئورووپاو نەوعیك لە دیمۆکراسییشی لە هیندێ بارەوە تێدا هەیە، واقیع بینانەیە ئەگەر بلێین نەوعیك لە دیمۆکراسی لەو ولاتەدا هەیە، شوونیزمیشی تێدا هەیەو نەوعیك لە دیمۆکراسییشی تێدا هەیە، کەوابێ بەوەی کە بلێ جەمهووریی دیمۆکراتی، لە واقیعدا ئەو هاتۆتە سەر شوعاری تورکیە، تورکیە نەهاتۆتە سەر شوعاری وی، یا شتیکی موخالیفی هەڵنەگرتوە. بەڵام لە ئیرانێ ئەو شیعاریك هەڵدەگرێ کە جەمهووریی ئیسلامی بە گەرووی‌دا بچێ، جەمهووریی دیمۆکراتیکی ئیسلامیی دەوێ. لە هەمووی خرابتر، رەنگ بوو ئەو کۆنگرەیە فرسەتیك بێ بۆ P.K.K کە فاسیلە بگرێ لەگەڵ رابردووی خۆی، لەوەشدا هەر نەیکرد، لەویشدا دیسانەکە، (دیارە بریارەکە ئی خۆیەتیو هەقی خۆیەتی) بەڵام ئیمە کە نەزەری لەسەر دەردەبرین. باسی دەکەین، دیسان کاك عەبدوڵا ئۆجەلانی کردۆتە رەئیسی حیزبەکەی خۆی. لە هەمووی جالیبتر ئەوەیە ئیستاشی لەگەڵ بێ لەگەڵ وەی ناوی گۆڕیوەو کۆنگرەی گرتوە، تەماشای تەلەویزیونەکەیان بکە، باس باسی P.K.Kیە، یانی بۆخۆشیان دەزانن کە هیچ شتیك نەگۆڕاوە. ئەوانەش کە مەسەلەی P.K.Kیان بۆ موهیمەو بە جۆریك لە جۆران بەرخوردی پێدەکەن، هەموویان گوتوویانەو ئیعلامیان کردووەو راستیشە کە هیچ شتیك نەگۆڕاوە، ئەوانەی بە تیرۆریستی دەناسن هەروا بە تیرۆریستی دەناسن، ئەوانەی موخالیفەتیان لەگەڵ کردوە دیسانەکەش سوورن لەسەر موخالیفەت لەگەڵی. بۆیە وا فکر دەکەینەوە کە P.K.K دیسان دەورانیکی دی لە سەرلیشیواوی دەبێ ببرێو هەتا ئەو ریگایە بروا نە بۆخۆی وەکوو حیزبیك پشت راست دەکاتەوە، و نە میللەتی کوردیش لە وجوودی P.K.Kی وەکوو حیزبیکی سیاسی کەلك وەردەگرێ.

رووداویکی دیکە کە بۆ ئیمە جیگای سەرنج بوو ئەو بریارە بوو کە لە پارلمانی ئورووپا دا دەرچوو لەبارەی بە تیرۆریست ناسینی P.K.Kو سازمانی موجاهیدینەوە. ئەو بریارە بریاریکی نارەوا بوو، و بریاریك بوو کە ئوسوولەن لە ئیمانو لە لیکدانەوەیەکی قوولی ئەو ریکخراوەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەلکوو تەنیا ئاکامی مەسلەحەت پاریزیو ساتو سەودای بازرگانیو دیپلۆماسی دەگەڵ دەولەتانی حاکم بەسەر ئەو دوو ولاتە دایە. ئەوەلەن جالیبە کە هەتا ئیستا تاریفیك لە تیرۆریزم نیە. تیرۆریست کێیە؟ تیرۆریسم چیە؟ مەعلووم نیە. کێیان پێخۆش بوو بە تیرۆریستی دەناسنو کێیان پێخۆش نەبوو بە تیرۆریستی ناناسنو ئەگەر تۆزیك چوونە پیشێ بە زیدەی تیرۆریزمیشی دەناسن، مەعموولەن دەولەتەکانیش دەولەتەکان بە تیرۆریست ناناسنو هیزە سیاسییەکانی خاریج لە دەسەڵات بە تیرۆریست دەناسن. تا ئیستێ نەمان بیستوە دەولەتیك بە تیرۆریست بناسن. گوتوویانە پشتیوانی تیرۆریزمە، بەڵام تا ئیستا تەنیا ئیستیسنای میکۆنووسی لیدەرچێ ئەویش دەولەت نیە دادگایە، هیچ دەولەتیك نەیگوتوە فلان دەولەت تیرۆریستە. دەلین پشتیوانی تیرۆریزمە، دەولەتەکان هەرچی بیکەن هیچ دەولەتیکی دیکە بە تیرۆریستیان ناناسێ، هەر وابزانە ئەگەر کابرا بە بۆمبیك خۆی تەقاندەوە تیرۆرە، بەڵام ئەگەر بە تانك هیرشی کرد تیرۆر نیە. لە پاشان دەولەتان بۆ دەبێ ئەو هەقە بە خۆیان بدەن کە لەسەر ماهییەتی سازمانیکی سیاسی لە ولاتیکی دوور لە خۆیان قەزاوەت بکەنو قەزاوەتەکەشیان بسەپینن. باشە ١٥ ساڵان P.K.K خەباتی چەکدارانەی هەبووە. بیجگە لە خەباتە سیاسییەکەی کە دوورترە. لەو ١٥ سالەیدا ئیتیحادیەی ئورووپا، P.K.Kی بە تیرۆریست نەناسیوە بەڵام ئیستێ کە چەند سالە وازی لە خەباتی چەکدارانە هیناوەو تەنانەت تەسلیم بووە، داوای دیمۆکراسی دەکا، داوای خەباتی سیاسی دەکا، بە تیرۆریستی دەناسێ. لەواقیعدا ئەوە ئیمتیازیکە دەدرێ بە دەولەتی تورکیەو ریگا خۆش کردنە بۆ ئەوەی تورکیە لە ئیتیحادیەی ئورووپادا وەرگیرێ کە ئەمن بەش بە حالی خۆم ئەوەی بە خراپ نازانم. پیم وایە ئەگەر دەولەتی تورکیە لە ئیتحادیەی ئورووپادا بە ئەندام وەربگیرێ کورد لەسەریەك قازانجی لیدەکا، یانی بەشیك لە کورد دەبیتە ئورووپایی. جامیعەی ئورووپاییش هیندیك موشتەرەکاتی هەیە کە پیم وایە کورد قازانجی لی دەکا. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە یا ئەو بریارە لە سیاسەتیکی سازشکارانەوە سەرچاوە دەگرێ نەك لە تەحلیلیکی واقیعی.

کە دیینە سەر موجاهیدینی خەلك پرسیاریکی دیکە دیتە پیشێ ئەگەر بە راستی ئەوان دەیانەوێ لە ولاتەکەی مەدا تیرۆریست بناسن ئەدی بۆچی چووکترین ئیشارە بە جەمهووریی ئیسلامی ناکەن، لە حالیکدا تەنیا مەوریدە کە بە رەسمی لە دادگایەکدا دەولەتیك لە بەرزترین مقاماتیدا بە تیرۆریست ناسراوە. ئەگەر بلیین دادگاییەکەش حیساب نیە، ئەدی ئەو دەولەتانە، ١٥ عوزوی ئیتحادیەی ئورووپا ئەو وەختی سەفیرەکانیان لە ئیران بانگ نەکردەوە لەبەر ئەوەی ئەو ولاتە بە تیرۆریست پەروەرەو نابێ پیوەندیی دیپلۆماسییان لەگەلی هەبێ؟ با لەوە گەرین کە هەروەکوو رەفسەنجانی گوتی: "بە سەرشۆری دینەوە" پاش چەند مانگ سەفیرەکانیان ناردەوە. باشە بۆچی ئیستا دین سازمانیکی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بە تیرۆریست دەناسن بێ ئەوەی ئیشارەیەك بەوە بکەن کە ئەو نیزامە چیە؟ لەواقیعدا ساتو سەودایەکی زۆر هەرزان باییە لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامیو تەنیا ناویك کە دەکرێ لەسەری دابنیین ئەوەیە کە بلیین خزمەتە بە جەمهووری ئیسلامی.

شتیکی زۆر داغی دیکە کە رەنگە موستەقیمەن پیوەندیی بە ئیمەوە نەبێ بەڵام بۆ ئیمە موهیممە وەکوو بەشیك لە مەسەلەی ئازادیو دیمۆکراسی لەدنیادا، رووداوەکانی فەلەستینە. دەزانین کە لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە وەزعیکی تازە، لە فەلەستین، لە رابیتەی نیوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکاندا هاتۆتە پیش. لەو سەفەرە "تاریخی"یەرا کە شارۆن کردی بۆ "بیت‌المقدس" حەرەکەتیکی بەربلاو و رووبە پەرەگرتوویی توندوتیژی لە نیوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکاندا دەستی پیکرد. بەڵام لە چەند مانگی رابردوودا گەیشتۆتە ئەوجی خۆی. ئەوەی لەو دواییەدا کرا لە هەردوو لایەنیەوە پیم وابێ لە تەرەف حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە نەك هەر جیگەی داخ بووە بەلکوو جیگەی تەقبیحو مەحکووم کردنیش بووە. چ حەرەکاتی ئینتیحاریی فەلەستینییەکان بۆ سەر خەلکی بیدیفاع لە ئیسرائیلداو چ حەرەکاتی بە بەرنامەو عەمدیو رەسمیی دەولەتی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستینییەکان، کە ئەگەر بە ئینسافەوە سەیری بکەین تیرۆریزمە لە سەریح ترین شکلی خۆیدا؛ ئیمە هەردووکی ئەوانە بە شتیکی خراپو قبیح دەزانین. پیمان وایە نە فەلەستینییەکان بە تەقاندنەوەی بازارەکانی ئیسرائیلو سینماکانو شوینە گشتییەکان بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن، نە ئیسرائیلیش دەتوانێ میللەتی فەلەستین لەبەین بەرێ یا ئەمنییەت بۆخۆی تەئمین بکا. لەواقیعدا هەردووکیان ریگای سەحیحیان ون کردوە. ئەگەر بە سەداقەتەوە بیانەوێ مەسەلەکە حەل بکەن هەر دووکیان دەبێ واز لە خشوونەت بینن، بین لە ریگای وتوویژەوەو بە تایبەتی لە ریگای ئەو موازینەوە کە بە دەستیانەوە هەیە مەسەلەکان چارەسەر بکەن. بریارنامەکانی شوورای ئەمنییەتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو تەنانەت ئەو تەوافقنامانە کە پیکەوە ئیمزایان کردوون بناخەیەکی باشی چارەسەری مەسەلەکەن.

لیرەدا نامانەوێ جەبهە لەگەڵ کەس بکەینەوە بەڵام شتیکی روونە کە خەتاباری ئەسلی لەو نیوەدا دەولەتی ئیسرائیلەو بەتایبەتی سەرۆك وەزیرەکەی شارۆن. هیچ شاراوە نیە کە ئەم وەزعە بە حەرەکەتی بەرنامە بۆ داریژراوی شارۆن دەستی پیکردوەو پاشان شارۆن لە دنیادا بەوە ناسراوە کە شەر هەڵایسینە. جاریکیان ساحەب نەزەریك لیرە بوو گوتی: شارۆن نە ئەمنییەتی دەوێ نە هیچی دەوێ، دەی هەوێ چەندی بکرێ پتر فەلەستینییەکان بکوژێو چەندی بکرێ هەقیکی کەمتر بدرێ بە فەلەستینییەکان. دەی هەوێ بیان شکینێ. ئیستا نوکی تیژی حەملەی شارۆن لە یاسر عەرەفاتە، یاسر عەرەفات ئەگەر ئەتۆ موخالیفی بی دەتوانی زۆر شتی پێ بلیی. بەڵام لەنیو فەلەستینییەکاندا تەنیا ریبەرە کە هەزار رەخنەی لی گیراوە لەسەر ئەوەکە خوازیاری سولح لەگەڵ ئیسرائیلە. سەیر ئەوەیە بە هیزە نیزامییەکانی دەستور دەدا بە تانكو تۆپو تەیارەوە بچن خەلکی بکوژن، ولاتی ویران کەن، ئەو خەتابار نیە، بەڵام ئەوانەی دەچن عەمەلیاتی ئینتحاری دەکەن بەشی هەرەزۆریان لە شارۆنی زیاتر موخالیفەت دەگەڵ یاسر عەرەفاتی دەکەن، لە موخالیفانی وین، کەچی مەسئوولییەتەکە دەبێ لەسەر عەرەفات بێو هەموو بخریتە سەرشانی وی، ئەوەی بۆخۆی دەستوور دەدا، خەتابار نیە بەڵام ئەوەی کە دەکرێ بە بێ ئەوەی یاسر عەرەفات لیی مەسئوول بێ دەخریتە سەرشانی یاسر عەرەفات.

شتیکی دیکە کە لەو نیوەا دەبێ ئیشارەی پێبکرێ ئەوەیە کە بەداخەوە ئەمریکا کە یەکیك بوو لە دوو سەرپەرستی رەوتی ئاشتی لەنیوان عەرەبو ئیسرائیلداو لەو دواییانەدا بووەتە تەنیا سەرپەرست، ئەویش وەکوو نیوبژیوانیکی بێلایەن رەفتاری نەکردوە. ئیمە لەیەك مەوریددا نەبێ، جاریك نەمان دی بە کەلیماتیکی یەکجار زۆر شازشکارانەش عەمەلیاتی ئیسرائیل مەحکووم بکرێ، بەڵام هەموو وەختیکی عەمەلیاتی فەلەستین بە توندی مەحکووم کراوە. هەموو جاریش هاوکات لەگەڵ شارۆن سەرۆك بوش حەملەی کردۆتە سەر یاسر عەرەفات. یاسر عەرەفاتیان لە قەفەس کردوە، داواشی لی دەکەن کە هەموو حەرەکەتیك رابگرێ، لە حالیکدا یاسر عەرەفات ناتوانێ شتی وابکا، پیی خۆش بێو پیی ناخۆش بێ، ئیستا لەو وەختەدا نەك بە کردەوە، تەنانەت بە قسەش ناتوانێ بیکا. چونکە لەو وەزعەدا کەس گوێ بە قسەکانی نادا. دەبینین بە رۆژی رووناك ئەو هەمووە خەلکە دەکوژرێ هیچ، ئەو هەموو دنیایە ویران دەکرێ، زیانیکی بەرچاو بە فەلەستینییەکان گەیشتووە، بەو زیانە ئەوەی پیی دەلین ژیربینای ئابووری، ئوسوولەن ژیربینای ژیان، (هەرچەند ئەو ئیستلاحە نیە) لە فەلەستیندا لەبەین چووە. کەچی ئەمریکا دیسانەکە وەکوو میانجییەکی بێتەرەف عەمەل ناکا. بەلکە لە هەموویدا جانبی ئیسرائیل دەگرێ، پیم وایە ئەوە نەقشیکی میانجیگەرانەی سەلیم نیەو کۆمەك ناکا بە چوونە پیشی رەوتی ئاشتی لە مەنتیقەدا. لەباری سیاسییەوە ئەمریکاش زۆری زەرەر کردوە. باسی ئەوەی ناکەم ئەوەی پیی دەلین کۆمەڵانی خەلکی عەرەب هەموویان لەو سیاسەتە بیزارن، تەنانەت وای لیهاتوە نیزیك ترین دەولەتانی موتتەحیدی ئەمریکاش لە مەنتیقەی عەرەبیدا ئەوانیش هیچ نەبێ بە زمان یا هیچ نەبێ لە ترسی بیرورای گشتیی ولاتەکانیان دەنگیان لی بەرز بۆتەوە بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا.

سوپاستان دەکەم کە بە حەوسەلەوە گویتان گرتو لیرەدا باسەکەم تەواو دەکەم.

**شتیکی دیکە کە لەو نیوەا دەبێ ئیشارەی پێبکرێ ئەوەیە کە بەداخەوە ئەمریکا کە یەکیك بوو لە دوو سەرپەرستی رەوتی ئاشتی لەنیوان عەرەبو ئیسرائیلداو لەو دواییانەدا بووەتە تەنیا سەرپەرست، ئەویش وەکوو نیوبژیوانیکی بێلایەن رەفتاری نەکردوە. ئیمە لەیەك مەوریددا نەبێ، جاریك نەمان دی بە کەلیماتیکی یەکجار زۆر شازشکارانەش عەمەلیاتی ئیسرائیل مەحکووم بکرێ، بەڵام هەموو وەختیکی عەمەلیاتی فەلەستین بە توندی مەحکووم کراوە. هەموو جاریش هاوکات لەگەڵ شارۆن سەرۆك بوش حەملەی کردۆتە سەر یاسر عەرەفات. یاسر عەرەفاتیان لە قەفەس کردوە، داواشی لی دەکەن کە هەموو حەرەکەتیك رابگرێ، لە حالیکدا یاسر عەرەفات ناتوانێ شتی وابکا، پیی خۆش بێو پیی ناخۆش بێ، ئیستا لەو وەختەدا نەك بە کردەوە، تەنانەت بە قسەش ناتوانێ بیکا. چونکە لەو وەزعەدا کەس گوێ بە قسەکانی نادا.**

**ئەوەی لەو دواییەدا کرا لە هەردوو لایەنیەوە پیم وابێ لە تەرەف حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە نەك هەر جیگەی داخ بووە بەلکوو جیگەی تەقبیحو مەحکووم کردنیش بووە. چ حەرەکاتی ئینتیحاریی فەلەستینییەکان بۆ سەر خەلکی بیدیفاع لە ئیسرائیلداو چ حەرەکاتی بە بەرنامەو عەمدیو رەسمیی دەولەتی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستینییەکان، کە ئەگەر بە ئینسافەوە سەیری بکەین تیرۆریزمە لە سەریح ترین شکلی خۆیدا؛ ئیمە هەردووکی ئەوانە بە شتیکی خراپو "قبیح" دەزانین. پیمان وایە نە فەلەستینییەکان بە تەقاندنەوەی بازارەکانی ئیسرائیلو سینماکانو شوینە گشتییەکان بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن، نە ئیسرائیلیش دەتوانێ میللەتی فەلەستین لەبەین بەرێ یا ئەمنییەت بۆخۆی تەئمین بکا. لەواقیعدا هەردووکیان ریگای سەحیحیان ون کردوە. ئەگەر بە سەداقەتەوە بیانەوێ مەسەلەکە حەل بکەن هەر دووکیان دەبێ واز لە خشوونەت بینن، بین لە ریگای وتوویژەوەو بە تایبەتی لە ریگای ئەو موازینەوە کە بە دەستیانەوە هەیە مەسەلەکان چارەسەر بکەن.**

# پەیام بۆ کۆنفرانسی گشتیی

# یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا

هاورییانی خۆشەویست!

زۆر بە خۆشحالی‌یەوە لە هەوالی گیرانی یەکەم کۆنفرانسی گشتیی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا کە دەکرێ بە کۆنفرانسی دامەزرینەری ناو بەرین، ئاگادار بووین. خۆشحالیمان لەوەیە کە هەولٚ و تەقەلای چەند سالەی کۆمەلیك لە دلسۆزانی ماندوویی‌نەناس بۆ دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان لە چەند ولاٚتی ئورووپایی و سەرەنجام پیکهینانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا بە ئاکام گەیشتوەو ئەمرۆ بەرهەمی ئەو هەولٚ و تیکۆشانە بە چاوی خۆمان دەبینین.

دامەزراندنی یەکیەتی‌یەکانی لاوان لە ولاٚتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپاو ئەو کارو چالاکی‌یانە کە لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند سالی رابردوودا بۆ ناساندنی خۆیان و مەسەلەی رەوای گەلەکەیان لە خۆیان نیشان داوە، ئەو مزگینی‌یەمان دەداتێ کە لاوانی کورد لەگەلٚ ئەوەی لە ولاٚتەکەیان دوور کەوتوونەوەو تەنانەت هیندیکیان بیرەوەری‌یەکی زۆر کەمیان لە کوردستان هەیە، پیوەندی‌یەکی قوولیان بە گەل و ولاٚتەکەی خۆیانەوە هەیە. هەربۆیەش بە ئۆگری‌یەوە هاتوونە مەیدانی کارو تیکۆشان بۆ ئەوەی چەندی بکرێ زیاتر خۆیان بە نەتەوەکەیانەوە گرێ بدەن‌و لە خەبات بۆ رزگاری‌و وەدەستهینانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی‌دا کاری بۆ بکەن.

ئیمە ویرای سوپاس و ماندوونەبوونی لە تیکرای ئەو هاورێیانە کە لە پیناوی گەیشتن بەم رۆژەدا هەولیان داوە، پر بە دلٚ پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێ‌دەکەین و لە سەرخستنی کاروباری کۆنفرانس و جیبەجێ‌کردنی ئەرکەکانی دوای کۆنفرانس دا بۆ ئیوەو هەموو لاوانی دیموکرات لە دەرەوەی ولاٚت سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین. هەر لەو کاتەدا چاومان بریوەتە ئەو رۆژە کە لاوانی کوردی ئیران لە ئەمریکا و کاناداو ئوستراliاش یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران پیك بینن و سەرەنجام ریکخراویکی گەورەتر لەوەی ئیستا بە ناوی "یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی ولاٚت" دامەزرینن و بەم جۆرە ئینیرژی و توانای بەرەی لاوی کورد لە هەموو ولاٚتانی بیگانە بۆ ناساندنی ئیش‌و ئازارەکانی گەلی کورد بە گەلانی جیهان بکەویتە کارو پیکەوەو بە بەرنامەی هاوبەش لەو پیناوەدا ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

کیژان و لاوانی خۆشەویستی دیموکرات!

لە هەلومەرجیك دا کە کۆماری ئیسلامی دەرەتانی هەموو جۆرە تیکۆشانیکی سینفی و سیاسیی ئاشکرای لە لاوانی کوردو هەموو لاوانی ئیران بریوە، لە کاتیك دا بەشیکی زۆری لاوانی کورد هەلی دریژەدان بە خویندن و برینی قۆناخەکانی زانستگەیان بۆ نارەخسێ و بە تایبەتی کچان ناتوانن لە زۆر بواری دلخوازی خۆیان دا دەرس بخوینن و سەرەنجام لە وەزعیك دا کە لاوان لە نیوخۆی ولاٚت‌دا لە هەموو باریکەوە لەگەلٚ بێ‌بەشی و کەندوکۆسپی سیاسی و ئابووری‌و کۆمەلاٚیەتی بەرەوروون، ئەرکی ئیوە لە دەرەوە گەلیك قورسترو هەر لەو کاتەدا پیرۆزتر دیتە بەرچاو. قەت بۆ ساتیکیش نابێ لە بیرتان بچێ کە ئیوە لە رۆیشتن بۆ دەرەوەدا ولاٚتیکی دواکەوتەو گەلیکی بەش خوراو و زۆرلیکراوتان لە دوای خۆتان بەجێ هیشتوە.

لەو حالەدا هەریەکیك لە ئیوە لە دارشتنی بەرنامەی ژیان و دوارۆژی خۆی دا بەجیبە چارەنووسی میللەتەکەی خۆی لەبەرچاو بێ. دەبێ هەولٚ بدەن زۆر لەو کەلین و کەلەبەرانە پر بکەنەوە کە ریژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی خستوونیەتە دوورەدیمەنی دوارۆژی خەلکی کوردستانەوە. دەبێ ئەو شتانە بخوینن و فیر بن کە لە نیوخۆی ولاٚت دا لە کوردان قەدەخە کراون بۆ ئەوەی لە رۆژی رزگاریی ولاٚتەکەمان دا خزمەتی کوردستانیان پێ بکەن و نەهیلن ولاٚتەکەتان لە کاروانی پیشکەوتن بەجێ بمینێ. بەراشکاوی دەلیین دەبێ بزانن کە خەلکی کوردستان چاوەروانی‌یان لیتان هەیەو ئەو چاوەروانی‌یەش زۆر رەواو بەجێ‌یە.

ریبەرایەتی‌یەك کە لەم کۆنفرانسەتان‌دا هەلٚدەبژیردرێ، نەك هەر ئەرکی بەرنامەدانان بۆ کاروتیکۆشانی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی ولاٚتی دەکەویتە سەرشان، بەلکوو لەسەریەتی بۆ پیگەیاندنی لاوان و پەروەردەکردنیان لە پیناوی بەدەستەوەگرتنی کاروبەرپرسایەتی لە دوارۆژی بزووتنەوەی کوردو کۆمەلی کوردەوارییش دا بە جیددی هەنگاو هەلینیتەوە. ئەرکی هەموو لاوانە کە لەو پیناوەدا لە پشتی ریبەرایەتیی هەلبژیراوی کۆنفرانس راوەستن و یارمەتیی بدەن کە لەو ئەرکە قورس و پیرۆزەدا چەندی بکرێ زیاتر سەرکەوتن بە دەست بینێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستی‌یە کە لاوانی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی ولاٚت عەودالی دوای یەك ئامانجن و لە کاروتیکۆشان دا هاورێ و هاوپشت و هاوقازانجن، چاوەروانیمان ئەوەیە پاش ئەم کۆنفرانسە لە هەردوو لاوە هەولٚ بدەن باشترین شیوەی پیوەندی و هاوکاری لە نیوان ئەم دوو بەشە لە یەکیەتیی لاوان دا هەبێ و هەرکام تەواوکەری ئەوی دیکە بن. ئەگەر بۆ ئەم کۆنفرانسە ری نەکەوتوە نوینەرانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە کوردستانەوە بانگ هیشتن بکرین، دەبێ هەولٚ بدرێ لەمەودوا هەم نوینەرانی ئیوە لە کۆنگرەکانی یەکیەتیی لاوان لە کوردستان دا بەشدار بن و تەنانەت وەك ئەندامی ریبەرایەتییش هەلٚبژیرین، هەم لە کۆنفرانسی گشتیی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا دا نوینەرانی ریبەرایەتیی لاوان لەکوردستان ئامادە بن. لە یەك قسەدا یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران یەك ریکخراوی لاوانە کە لقی جۆراوجۆری لێ‌دەبنەوە، نەك چەند ریکخراوی جیاواز و هاوتەریب.

ماوەتەوە بلیین کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بە چاوی ریزو هیواوە دەروانیتە هەولٚ و تیکۆشانی لاوانی کورد و گەشەکردنی کاری ریکخراوەیی وان لە چوارچیوەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا. ئەم حیزبە وەك هەمیشە ئامادەی هەرچەشنە یارمەتی‌یەکی فیکری‌و سیاسی‌و مادی‌و مەعنەوی بە خەباتی لاوانی دیموکراتەو هەر لەو کاتەش دا لاوانی دیموکرات بە پالپشتیکی ئەمین و بە ئینیرژی و بە توانای خۆی لە خەبات بۆ وەدی‌هینانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد دا دەزانێ.

جاریکی دیکە پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێ‌دەکەین و بۆ یەك یەکی بەشدارانی کۆنفرانس و یەکەیەکەی کیژان و لاوانی دیموکرات لە دەرەوەی ولاٚت بەختیاری و سەرکەوتن لە ژیانی شەخسی و ریکخراوەیی و خەباتکارانەدا بە ئاوات دەخوازین.

سەرکەوێ یەکەم کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا.

پتەوتر بێ هاوپیوەندیی نیوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و لاوانی دیموکرات.

هەر بژین بۆ گەل و ولاٚت.

لە لایەن دەفتەری سیاسیی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە

عبدالله حسن زادە

٢٠٠٢/٥/٣١

## بەریوەچوونی یەکەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا

رۆژی ٢٠٠٢/٦/١ (١١ی جۆزەردانی ١٣٨١) بە بەشداریی نوینەرانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ٩ ولاٚتی ئورووپا، یەکەمین کونفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە ئورووپا لە شاری ئوسلۆ پیتەختی نۆرویژ بەریوەچوو.

سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی کونفرانس بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب‌و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ریگای ئازادی دەستی پێ‌کرد. پاشان کونفرانس بە وتاریکی کورت لە لایەن خاتوو شنۆ حەفیدی کۆنترین ئەندامی ئەکیەتیی لاوان لە ئورووپا کرایەوە.

دواتر هاوریی بەریز سەعید بەیگزادە ئەندامی راویژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزب کە ئەرکی سەرپەرستی کردن‌و ریکخستنی کونفرانسەکانی یەکیەتیی لاوانی لە ولاٚتانی ئورووپا وەئەستۆ گرتبوو، راپۆرتیکی تیروتەسەلی سەبارەت بە چۆنیەتیی ئامادە کردنی کۆنفرانس‌و هاتنی نوینەران‌و ئەرك‌و بەرنامەی کاری کونفرانس پیشکیش کرد.

لە دریژەی کاری کونفرانس‌دا چەند هەیئەت بە مەبەستی بەریوەبردنی کاروبارەکانی کۆنفرانس هەلٚ بژیردران. دوایە پەیامی سکرتیری گشتیی حیزب هاوریی تیکۆشەر عەبدوللاٚ حەسەن زادە بۆ ئەو کۆنفرانسە خویندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کونفرانس دا هاوریی بەریز خوسرەو بەهرامی ئەندامی ریبەرایەتیی حیزب‌و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی ولاٚت وتاریکی سەبارەت بە وەزعی سیاسیی ئیران‌و کوردستان‌و خەبات‌و تیکۆشانی لاوان پیشکیش کرد.

کونفرانس بەشیکی دیکەی وەختی خۆی بۆ خویندنەوەی پەیامەکان تەرخان کرد. یەکیکی دیکە لە کارەکانی کۆنفرانس هینانەبەرباسی پیرەوەی نیوخۆی یەکیەتیی لاوان بوو. لەو پیوەندی‌یەدا بەشداران بەوردی لەسەر پیرەوی نیوخۆ قسەیان کردو زۆر پیشنیاری بەکەلك‌و گونجاویان لە پیوەندی لەگەلٚ هەلومەرجی ئورووپادا هینایە گۆرێ.

لەدوابەشی کاری کونفرانس‌دا ئەندامانی کومیتەی بەریوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا هەلٚبژیردران. ئەو کومیتەیە لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی‌دا بەرپرسی کومیتەو ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی هەلٚ بژارد.

# هەوالەکانی کوردستان

### شنۆ

بە پیی هەوالیك کە لە شاری شنۆوە بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە، رۆژی ٢٧ی بانەمەر هیزە ئینتیزامی‌یەکانی ریژیم لەو شارەدا، کەسیکیان بە ناوی "نەبی پیروتی" کوری شەهید "موحەممەد پیروتی" کە بۆ کاسبی چوو بوە کویستانەکانی پشتی میرئاوێ دەکوژن.

### هەورامان

ماوەیەکە هیزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ریژیم لە پاسگای "دوواو" لە نیزیك شاری پاوە دەستیان کردوە بە ئەزیەت‌و ئازاری خەلکی ئەو ناوچەیەو فشاریکی زۆریان بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هیناوە. هەروەها هیزە ئینتیزامی‌یەکانی پاسگای سەرسنووری تەویلە لە نیزیك شارۆچکەی نۆدشەو دزاوەر، کوریکی کۆلبەریان بە توندی بریندار کردوە.

### مەریوان

رۆژی سێ‌شەممە ریکەوتی ١٣٨١/٢/٣١ هیزە ئینتیزامی‌یەکانی ریژیم لە شاری مەریوان دەکەونە شوین چەند ماشینیکی کاسبکارانی ئەو ناوچەیە کە پارچەیان لە سنوورەوە بۆ شار دەبردو لە ئاکام‌دا لە ترمینالی کۆنی مەریوان‌دا دەست بەسەر ئەو چەند ماشین پارچەیە دادەگرن‌و خاوەنەکانیان دەستبەسەر دەکەن. خاوەن بارەکان داوا لە خەلك دەکەن بە هاواریانەوە بچن. زۆری پێ‌ناچێ ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی مەریوان فریایان دەکەون‌و دەرژینە سەر هیزە ئینتیزامی‌یەکان‌و بارەکانیان لی دەستیننەوەو خاوەن بارەکانیش رزگار دەکەن. بە پیی ئەو هەوالەی بە دەستمان گەیشتوە لە ئاکامی ئەو تیکهەلچوونەدا شوشەی زیاتر لە ١٠ ماشینی هیزە ئینتیزامی‌یەکان شکاوەو چەند مەئموریکیش بریندار بوون.

### جوانرۆ

رۆژی ٨١/٢/٢٦ ریورەسمیك لە ژیر ناوی "هیجرەتی نەبیی ئەکرەم"دا بە بەشداریی کۆمەلیکی زۆر لە خەلکی ناوچەی جوانرۆ و چەند نوینەریکی ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌و هەروەها بەرپرسانی ئیدارە دەولەتییەکان لە سەیرانگەی "قۆری قەلاٚی" شاری جوانرۆدا بەریوە چوو. لە جەرەیانی ئەم ریورەسمەدا چەند کەس لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە تیروتەسەلی لە سەر فەسادی ئیداری‌و مالیی دام‌و دەزگاکانی ریژیم، گرانی، بیکاری‌و هەلاٚواردنی کوردستان لە بواری سیاسی‌و ئابووری‌و ئاوەدانکردنەوە، لە لایەن ریژیمەوە قسەیان کرد. نوینەرانی مەجلیس‌و بەرپرسانی دەولەتی لە وەلاٚم‌دا هەولیکی زۆریان دا ئەم هەموو کەم‌وکورییانە بخەنە پالٚ لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و لەم بارەیەوە ریژیم بێ تاوان نیشان بدەن. بەلاٚم رەخنەو گازندەکانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئاشکراو روونتر لەوە بوون کە دەمراستەکانی ریژیم بتوانن پاکانەیان بۆ بکەن‌و پەردە بە سەر سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی ریژیم دا بکیشن.

### سەردەشت

ـ بەپیی ئەو هەوالەی بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە ماوەیەکە هیزەکانی دژی گەلی سوپای پاسداران‌و هیزە ئینتزامی‌یەکانی ریژیم رژاونەتە سەر ناوچە سنوورییەکان‌و بە توندترین شیوە بەرگری لە هاتوچۆی خەلکی زەحمەتکیش‌و کاسبکاری سنوورنشین دەکەن. هەروەها بەپیی هەندیك زانیاری دیکە ریژیم بەتەمایە مینریژی ناوچە سنووری‌یەکان بە شیوەیەکی بەربلاٚوتر دریژە بداو لە هەولی ئەوەدایە چەندین پیگەی نیزامی دیکە لە ناوچە سنووری‌یەکانی کانی زەردو قاسمەرەش‌و ئالان دابمەزرینێ بۆ ئەوەی چاوەدیریی زیاتر بەسەر هاتوچۆی کاروانچی‌و کاسبکاران‌دا بکاو لەگەلٚ ئازارو ئەزییەتی زیاتر بەرەورووویان بکا.

ـ بە گویرەی هەوالیك کە رۆژنامەی "مردم سالاری" لە ژمارەی رۆژی ٢ی جۆزەردان‌دا بلاٚوی کردۆتەوە ماوەیەکە نەخۆشییەکی نەناسراو لە ئاوایی "بیژوێ"ی سەردەشت بلاٚوبۆتەوەو تا ئیستا زیاتر لە ٤٥ قوتابی ئەم ئاوایی‌یە بەهۆی تووش بوون بەم نەخۆشییە لە خویندن دابراون‌و ریژەی تووشبووان بەم پەتایە بەردەوام لە زیاد بوون دایە. ئەم نەخۆشی‌یە دەبیتە هۆی دەست‌و لاق ماسین‌و ئیش‌و ژانیکی زۆری شان‌و پیل. تائیستا کارناسانی پزیشکی‌و لەشساغی نەیان توانیوە جۆری نەخۆشی‌یەکەو هۆی بلاٚوبوونەوەی بدۆزنەوە.

### مەهاباد

ماوەیەك لەوە پیش هیزە ئینتزامی‌یەکانی ریژیم لە شاری مەهاباد کەوتنە شوین چەند ماشینی هەلگری باری مۆز کە لە سەردەشترا بەرەو مەهاباد دەچوون. ماشینەکان لە ژیر فشاری هیزە ئینتزامی‌یەکان‌دا ناچار خۆیان بە ئاوایی "بەیتاس"دا دەکەن‌و لە ئاکام‌دا دەکەونە بەر دەسریژی هیزە ئینتزامی‌یەکان‌و دەستیان بەسەردا دەگیرێ. خەلکی ئاوایی بەهانای کاسبکارانەوە دەچن‌و بە دارو بەرد پەلامار دەبەنە سەر هیزە دژی گەلی‌یەکانی ریژیم‌و ماشینەکان‌و خاوەنەکانیان لە چنگ ئەم هیزانە رزگار دەکەن.

### کوچی دوایی کاك یوسفی ریزوانی

بە پیی ئەو هەوالەی کە بە "کوردستان" گەیشتوە، هاورێ کاك یۆسفی ریزوانی ئەندامی لە میژینەو دلسۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران رۆژی ١٩ی مای ٢٠٠٢ لە نەخۆشخانەی شاری "ستافانگر" لە ولاٚتی نورویژ کوچی دوایی کردوە.

کاك یوسف ئەندامیکی بەوەج‌و لیهاتووی نیو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوو کە بەشیکی زۆری تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەی لە نیو ریزەکانی حیزبی دیموکرات‌دا تەرخان کردبوو.

کاك یۆسفی ریزوانی لەم دوایانەدا وەك پەنابەر لە ولاٚتی نورویژ دەژیاو وەك لایەنگریکی دلسۆز لە بەجیگەیاندنی ئەرکی نیشتمانیی خۆی‌و حیزبەکەی‌دا تێ‌دەکۆشا.

کارگیران‌و بەریوەبەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بە بۆنەی لە دەستچوونی هاورێ یۆسفی ریزوانی‌یەوە سەرەخۆشی لە بنەمالەو کەس‌و کارو دۆست‌و ئاشنایانی دەکەن‌و لە غەمی لە دەست چوونی‌دا خۆ بە شەریك‌و بەشدار دەزانن.

# لە پەراویزی بانگەوازی مالیی دەفتەری سیاسیی حیزبدا

ڕۆژی ١٥ی بانەمەری ئەمساڵ، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بانگەوازیکی بۆ خەلکی تیکۆشەری کوردستان بڵاو کردەوە. لەو بانگەوازەدا داوای یارمەتیی مالی لە خەلکی کوردستان کرابوو و گوترا بوو:

"بزووتنەوەی میللی- دیموکراتیکی گەلی کورد بە ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ لەسەر پێ ڕاوەستانو بەرەو پیشەوەچوونی خۆی پیویستیی بە یارمەتیی مالیی ئیوە هەیە. دلنیاین ئیوە رازی نابن رۆلە خەباتگیرەکانتان بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ماددییەوە لە بەرەو پیشبردنی ئەرکی شۆرشگیرانەی خۆیان دوا کەون. هەر بۆیە بە جیددی داواتان لی دەکەین بەمەبەستی بەهیزکردنی سەنگەری خۆراگری بە هەر ریگایەکی مومکیندا یارمەتیی سەخاوەتمەندانەی خۆتان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بگەیەنن."

**لە پەراویزی ئەم بانگەوازەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا شیکردنەوەی چەند مەسەلەیەك بەپیویست دەزانین:**

## بۆچی حیزبی دیموکرات پیویستیی بە یارمەتیی مالی هەیە؟

هەر وەك لە بانگەوازەکەدا بە دروستی قامکی لەسەر دانراوە، حیزبی دیموکرات ئەرکی ریبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئیرانی لەسەر شانە. بەریوەبردنی بزووتنەوەیەکی رەواو هەقخوازانەی گەلیك، ئەگەر لە باری سیاسییەوە بۆ ئەو حیزبەی بزووتنەوەکە ریبەرایەتی دەکا جیگای شانازییە، لە باری مالییەوە یانی وەعۆدە گرتنی خەرجو هەزینەیەکی زۆرو کۆمەلیك بەرپرسیارەتیی مالیی گەورە.

ئاشکراشە هەتا بزووتنەوەکە بەربلاوترو بوارو مەیدانەکانی تیکۆشان بەرینترو جۆراوجۆرتر بنو هەتا ژمارەیەکی زۆرتر لە تیکۆشەران تییدا بەشدار بن، ئەو هەزینانەش کە بۆ دابینکردنی پیداویستییەکانی خەباتو تیکۆشان پیویستن، پتر دەبن.

لیرەدا ناکرێ هەموو خەرجەکانی بزووتنەوەیەك کە حیزبی دیموکرات بەریوەی دەبا، ناوبەرین. بەلام هەر وەك نموونە ئیشارە بە هیندیکیان دەکەین:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە سەدان تیکۆشەری لەمیژینەی هەن کە لەمیژسالە هەموو وەختو توانای خۆیان بۆ جیبەجێ کردنی ئەرکە خەباتگیرانەکانیان تەرخان کردوە. ئەو هاورییانەو مالو مندالیان، بەو یارمەتییە پیشمەرگانەیە کە حیزب پێیان دەکا دەژین. بەلام هەر ئەو یارمەتییە پیشمەرگانەیەو دابینکردنی سەرپەناو لانیکەمی ئیمکاناتی خویندنو لەشساغیو هاتوچۆ بۆ مندالەکانیان، بۆخۆی خەرجیکە. بە هەزاران خەباتگیری دیکە لە ریزە ئاشکراکانی حیزبدا بە شیوەیەکی تەواو وەخت خزمەت دەکەن کە ژیاندنو دابینکردنی پیداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانو تیکۆشانیان لە ئەستۆی حیزبە. زیاتر لە پینج هەزار تیکۆشەری کورد لە ماوەی زیاتر لە ٥٥ سالی رابردوو لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا، سەروگیانیان فیدای خۆزگەو ئاواتو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان کردوە. بە سەدانو تەنانەت هەزاران ئەندامی حیزبو رۆلەی خەباتگیری کوردستان، لە ریگای پر لە شانازیی خەبات لە پیناوی دیموکراسیو مافی نەتەوایەتیدا لە مەیدانەکانی شەری خویناویدا ئەندامیك یا چەند ئەندامی لەشیان لەدەست داوە، یا لە قوژبنی زیندانەکانی ریژیمە دیکتاتۆرەکاندا، نەقوستانو پەککەوتە بوون. بەداخەوە بنەمالەی بەشیکی زۆر لەو ئینسانە فیداکارانەی گەلەکەمان، جگە لە حیزبی دیموکرات هیچ کەسو جیگایەکی دیکە بۆ پیراگەیشتن بە ژیانی خۆیان، شك نابەن. کەچی بەو حالەش ئەوەی حیزبی دیموکرات لە پیوەندی لەگەل ئەواندا لە دەستی هاتوە، بە هیچ جۆر جیگای رەزامەندیی خۆمان نەبووە.

هەر وەك گوتمان ئەوە هیندیك لەو خەرجانەن کە لە باری مالییەوە قورسایی دەخەنە سەر حیزبی دیموکرات. باسی ئەو هەموو خەرجەش ناکەین کە ئەنجامدانی کاروباری تەبلیغاتی، چاپەمەنی، فیرکردنو پیگەیاندنی تیکۆشەران، تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات، پیوەندییەکانو بەریوەبردنی شیوە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشان، پیویستیان دەبێ.

بۆ ئەوەی پیویستیی حیزبی دیموکرات بە یارمەتیی مالیی خەلکی کوردستان بریك باشتر هەست پێ بکرێ، خراپ نیە باسی راستییەکی دیکەش بکەین:

هەتا ١٠ سال لەمەوبەر، ئەگەر چی ناوچەکانی کوردستانی ئیران هەر وەك ئیستا لە ژیر دەسەلاتی هیزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوونو سەرەرای ئەوەش کە هەموو کوردستانی ئیران بە هیزی نیزامی تەنرا بوو، بەلام تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات زۆر لە ئیستا زیاتر دەیانتوانی لەسەر خاكو لە نیو خەلکی وڵاتی خۆیاندا یارمەتیو داهاتی جۆراوجۆر کۆ بکەنەوە. بەلام رەچاوکردنی هەلومەرجی تایبەتیو کۆمەلیك راستیو تیبینیی دیکە، وایان کردوە کۆکردنەوەی هیندیك لەو داهاتانە لە هەلومەرجی ئیستادا بۆ کومیتەو هاورییانی حیزبی، دەست نەدەن یا چاوپۆشییان لی بکرێ. بەلام ئەگەر لە لایەك سەرچاوەکانی داهاتی حیزب کەم بوونەتەوە، خۆ خەرجو هەزینەکانی کەم نەبوونەتەوەو تەنانەت زیادیشیان کردوە.

## هۆی چیە حیزبی دیموکرات بۆ یارمەتیی مالی رووی قسەی کردۆتە خەلکی کوردستان؟

وەك زۆر جاری دیکەش گوتوومانە کۆمەلانی خەلکی کوردستان پشتیوانی ئەسلیو راستەقینەی حیزبی دیموکراتو ئەو بزووتنەوە میللی- دیموکراتیکەن کە حیزبی دیموکرات بەریوەی دەبا. ئەو بزووتنەوەیە هەم لە ئامانجەکانیدا هی خەلکی کوردستانە، هەم هیزو تواناکەی لە خەلکی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە رۆلەکانی خەلکی کوردستانن کە هەرگیز نەیانهیشتوە حیزبی دیموکرات بکەوێو هەلنەستیتەوە، هەر ئەوانیشن کە ئیجازەیان نەداوە خەباتو تیکۆشان بۆ داواکردنی دیموکراسیو مافی نەتەوایەتی لە ژیر ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتدا، بۆ یەك رۆژیش تەعتیل بێ.

ئەگەر تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات لە سەختترین هەلومەرجەکانداو لە بەرامبەر توندترین پەلامارو لەشکرکیشییەکاندا، توانیویانە سەربەرزانە لە بەرامبەر دیکتاتۆریو زۆرداریدا خۆ رابگرنو قۆناغەکان ببرن هی دلگەرمییان بە پشتیوانی بێدریغی خەلکی کوردستان بووە. خەلکی کوردستان لەگەل ئەوەشدا کە لە دەرفەتی لەبار بۆ گرتنەپیشی شیوە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە پیناوی ویستو داخوازەکانی خۆیاندا، ئەوەندەی مومکین بووە کەلکیان وەرگرتوە، بەلام هەموو کات پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتیان بە جۆریك لە جۆرەکانی خەباتو بە ئەرکی پیرۆزی خۆیان زانیوە. ئەوەی خەلکی کوردستان بەتایبەتی لە گەرمەی شەری داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستاندا، لە پشتیوانیو هاوکاری لەگەل حیزبی دیموکراتدا، لە خۆیانیان نیشان داوە، باشترین بەلگەن بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایانە.

کەوابوو شتیکی تەواو سروشتییە کە ئەو خەلکە بە ئەمینترینو خۆمانەترین دۆستو پشتیوانی حیزبو بزووتنەوە بزانرینو یارمەتیی مالیی ئەوانیش بە حیزب بە متمانەپیکراوترین سەرچاوەی داهاتی مالیی حیزب دابنرێ. ئەزموونی زیاتر لە نیو سەدە خەباتو تیکۆشانی حیزبی دیموکرات پیمان دەلێ دۆستانی حیزبو بزووتنەوەو سەرچاوەکانی داهاتیان، بە گویرەی هەلومەرجو قۆناغە جیاوازەکان، ئالوگۆریان بەسەردا هاتوەو کەمو زیادیان کردوە. بەلام ئەو دۆستو پشتیوانەی هەتا ئیستا نەگۆراوەو هەمیشەیی بووەو لە هەموو کاتیکدا حیزبی دیموکراتی لە بیر نەبردۆتەوە، خەلکی کوردستان بووە.

## یارمەتی بە حیزبی دیموکرات ئەرکیکی نیشتمانییە

هەر کەسیك قبوولی بێ کە حیزبی دیموکرات هیزیکی خەباتگیرو نیشتمانپەروەرەو بڕوای بەوە هەبێ کە ئەو حیزبە بۆ کۆمەلیك ئامانجی پیرۆزو نیشتمانپەروەرانە خەباتیکی سەختو جیگای شانازی بەریوە دەبا، قبوول دەکا کە یارمەتیی مالی بەو حیزبە ئەرکیکی نیشتمانییە. حیزبی دیموکرات بە ئەمەگناسییەوە یادی هاوکاریی هەموو ئەو کوردو ئیرانییە نیشتمانپەروەرانە دەکاتەوە کە تا ئیستا لەو ئەرکەیان غافل نەبوون. هەر لەو کاتەشدا، ویرای داوای بەردەوامبوون لەو هاونیشتمانانە لەسەر ئەو هاوکارییە، رووی قسەی دەکاتەوە ئەو بەشە لە خەلکی کوردستان کە توانای مالیی زۆریان هەبووە بەلام یا هەر هیچیان لەدەست دەر نەهاتوە، یا ئەوەی وەك یارمەتیی مالی بە حیزبیان کردوە لە چاو تواناییو داراییان، یەکجار کەم بووە.

بەرەوپیشچوونی تیکۆشانی حیزبو لە ئاکامدا بەرەوپیشچوونی خەباتی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان، لە گرەوی هەست بە بەرپرسایەتیکردنو هاوکاریی جۆراوجۆری خەلکی کوردستان لەگەل حیزبی دیموکراتدایە. یارمەتیی مالی بە حیزب بەشیکی گرنگ لەو هاوکارییە پیك دینێ. هیواداریین هەر وەك لە بانگەوازی دەفتەری سیاسیدا هاتوە خەلکی کوردستان ریگا نەدەن "رۆلە خەباتگیرەکانیان بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ماددییەوە لە بەرەوپیشبردنی ئەرکی شۆرشگیرانەی خۆیان دواکەون."

# بەرپەرچدانەوەی ئیددیعایەکی نارەوا

## بەریز دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان"!

ویرای سلاو، داوای سەرکەوتنی زیاتر تان بۆ دەکەم لە بەریوەبردنی ئەرکی پیرۆزتاندا. لە سەفەری ئاخرم دا بۆ دەرەوەی وڵات لە پاریس بووم کە نووسراوەیەکی سەیرم لە بلاوکراوەی "پەیام"دا خویندەوە کە لە لەندەن دەردەچێ. ئەو بلاوکراوەیە لە یەکەم لاپەرەدا مەتلەبیکی چاپ کردبوو کە تەنیا بەمەبەستی بێحورمەتیو بوختان پێکردنو چووك کردنەوەی پیشەوای نەمر قازی موحەممەد نوسرابوو کە سەراپا درۆو دەلەسە بوو.

وەك ئەندامیکی لە میژینەی حیزبی دیموکرات زۆرم پێ غەدربوو ئەو بوختانو قسە بێپایەو مایانە بێ وەلام بیننەوە. بۆیە وەلامیکی کورتم بۆ نووسیو بۆ بلاوکراوەی "پەیام"م نارد.

ئیستا کە چەند مانگ بەسەر نووسینی نامەکەم دا تێدەپەرێ بیستوومە ئەو بلاوکراوەیە جارێ راوەستاوەو بلاو نابیتەوە. ئیستاش زۆرم پێ حەیفە وەلامی نەدریتەوەو داوا لە ئیوەی بەریز دەکەم لە رۆژنامەی "کوردستان" دا چاپی بکەن.

لەگەل ئەو یادداشتەدا وەلامەکەی خۆمو دەقی نووسراوەکەی ئەوانتان بۆ دەنیرم تا ئەگەر بە پیویستتان زانی خۆشتان جوابی تیروتەسەلتری بۆ بنووسنەوە، با هیندیك هەلپەرەستی خۆ بە زلزانی بوختانچی وا نەزانن هەرچی پییان خۆشبێ دەتوانن بە سەرۆکانی شەهیدی حیزبو نەتەوەکەمانی بلینو هیندیك کەسی ساویلکەی پێ فریودەن.

**بەریزەوە براتان**

**جەلیل گادانی**

## بەریز گۆڤاری "پەیام"!

ویرای سلاو، لە لاپەرەی یەکی ژمارە ٣٣ ـ ٣٤ی گۆڤاری "پەیام" دا کە هی مانگەکانی رەزبەرو گەلاریزانی ٢٧٠١ی کوردییە، وتاریك لە ژیر سەردیری "قازی موحەممەد، ریکەوتین لەگەل دەولەتی ئیران تا وڵاتی خۆی بگریتەوە. بەلام مەهاباد بۆ ئیمە چۆل بیتو معاشو ئازوقەی (٣٠٠) پیشمەرگەمان بداتێ." چاپ کراوەو وینەی "حەمە سالح بەگی حەمە رەشید خان"یشی تیدایە. لە روانگەی منەوە چەند شت جیگەی داخە:

١ـ وا دیارە بۆ پرکردنەوەی گۆڤارەکە هەر کەس هەرچی بۆتان بنیرن چاپی دەکەن.

٢ـ راستیو ناراستیی مەسەلەکان مەترەح نینو هەرکەس چۆنی کەیف لی بێ لیی دەخورێو کیی کەیف لیبوو پلاری کویری تێدەگرێو دەیهەنگیوێ.

٣ـ وا دیارە هەر کەسیك درۆی گەورەتریش بکا یا درۆ نامەیەك بنیرێ زیاتری ریز لی دەگیرێ.

لەو نەقلانەدا کە "جەنابی حەمە سالح بەگی برای حەمە رەشید خان" فەرموویەتیو لە راستیدا شتەکەی وەك "درۆی پاش مردوو" هیناوە، ناوبراو هەولی داوە حەمە رەشید خان گەورەتر لەوەی کە هەبووە نیشان بدا، پیشەوای گەورەی کوردی [بە خەیالی خۆی] گەلیك چووکە کردۆتەوەو لە راستیدا تومەتی لی داوەو ئیفترایەکی ئاشکرای بۆ هەل بەستوە.

ئەمن سەرەرای ئەوەی وتەکانی جەنابی حەمە سالح بەگ بەو دەلیلەوە رەت دەکەمەوە کە "پیشەوا ئەگەر پیشمەرگەی پیویست بووە بۆ خزمەتکردن بە کوردستان بووە بەلام ئەگەر بە قسەی راوی کوردستانی لە بەرانبەر وەرگرتنی مەعاشی سێسەد پیشمەرگەدا لەدەولەتی شا تەحویلی حکوومەتی ئیران داباوە ئەو پیشمەرگانەی بۆچی بووەو چی پێ دەکردن؟!"

دیارە دەیانو سەدان بەلگەی میژوویی تر هەن کە لە لاپەرەی کتیبەکاندا چاپ کراون. ئەگەر بوختانچی خویندبانییەوە ئەو شتەی نەدەگوتو ئەو گۆڤارەش ئەگەر زانیاریی لە بەسەرهاتو ژیاننامەی پیشەوا قازی موحەممەد هەبا شتی ئاوا بێکەلكو خراپی چاپ نەدەکرد. بۆیە رادەگەیەنم کە بە دەیان بەلگەی میژوویی کە رەنگە ئیرە جیگای نەبێ بیانهینمە گۆرێ وە درۆی دەخەمەوە، رادەگەیەنم کە ئەو شتانەی ئەو گوتوونیو دلشاد بۆی ناردوون ئەسلو ئەساسیان نیەو شتیکی دەستکردنو بە دەهۆی دوژمنانی کوردو کوردستان ساز کراون. گلەیی زۆریشم لە ئیوە دەستەی نووسەرانو بەتایبەت سەرنووسەری گۆڤاری "پەیام" هەیە کە چۆنتان ئیجازە بە خۆتان دا ئەو درۆ ئاشکراو بێبناغانە کە هیچ بەلگەو سەنەدیکیان دەگەل نیەو لە لایەن کەسانیکی کە هەموو کات جیگەی گومان بوون نووسراونو دراون بە ئیوە، وا بە هاسانی بلاودەکەنەوەو گەورە پیاوی وەك پیشەوا قازی موحەممەد بە قسەی ئەم بوختان هەلبەستانە دەخەنە ژیر پرسیارەوە؟

ئاخر بۆ ئیوەی بەریزی رۆشنبیری خاوەن قەلەم روونە کە رووداوی پیکهاتنی کۆماری کوردستان ئیستا بۆتە لاپەرەیەکی زیرینی میژووی خەباتی کورد. هەم پیشەوا قازی وەك سەرۆك کۆمارو هەم کارەکانی ماوەی کورتی یازدە مانگەی ئەو کۆمارە بۆ هەموو کوردیك جیگای شانازین. چۆن دەبێ ئیزن بدرێ کەسایەتییەکی ئاوا گەورە درۆی بۆ هەلبەسترێو ئەویش ٥٥ سال دوای شەهید بوونی بێ حورمەتیی پێ بکرێ؟!

نەتەنیا ئەو کەسانەی لە نیزیکەوە پیشەوایان دیوەو ناسیوە، لە گەورەییو کەرامەتو ئازایەتیو فیداکاریی ئەو گەورە پیاوەی کورد دواون، بەلکوو دوژمنانی سەرسەختی ئەویش وەك "قوام السلطنە"ی سەرۆك وەزیری ئەو کاتی ئیران یا سەرلەشکر حەسەنی ئەرفەع لە سەربوردەی خۆیاندا باسیان لە ئازایەتیو شەهامەتی پیشەوا قازی موحەممەد تەنانەت لە بەرانبەر حەمە رەزاشاش دا کردوە. گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمی تارانی پایتەختیش قازی موحەممەد وەکوو پیاویکی بەفەرهەنگ، پیشکەوتووو بلیمەت دەناسن. کەچی کاك "حەمە سالح بەگ" یا کاك دلشادی عیزەت بەگی برازای حەمە رەشید خان دەفەرموون: "پیشەوا ئامادە بوو بە وەرگرتنی معاشی سێسەد پیشمەرگە ئەویش تەنیا لە شاری مەهاباد، کوردستان تەحویلی حکوومەتی تاران بدا." جل الخالق!

هەر کام لە گەورە پیاوانی ئەو کات کە لە خزمەتی کۆماردا بوون وەك



بارزانیی نەمر، سەیفی قازیی شەهیدو حەمە رەشید خانو . . . جیگەو ریزی خۆیان هەبووەو لەسەر چلۆنایەتیی کۆماریش زۆر شت گوتراوەو نووسراوە. بەتایبەتی وا دیارە مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت زۆربەی بەلگەی کتیبەکانی کە لە سەر کۆماری کوردستان نووسیونی، لە لایەن حەمە رەشیدخانو بنەمالەکەی وەدەستی کەوتوون، چۆنە جگە لە "حەمە سالح بەگ" کە ئەگەر تا ئیستا مابێ پێیەکی لەسەر لیوی قەبرێیە، بەئاشکرا درۆی پاش مردوو دەکاو شتی ئاوا دەلێ کە هەتا ئەورۆ هیچ کەس نەیگوتوەو نەیبیستوە.

جا ئەمن جگە لەوەی بە پیی یاسای چاپەمەنی داوا لە ئیوەی بەریز دەکەم ئەو نووسراوەی منیش لە وەلامی "دیارییەکە"ی! حەمە سالح بەگو دلشادی عیزەت بەگدا چاپ کەن. هەروەها پیشنیاریش دەکەم وتاری لاپەرە یەکی رۆژنامەی ژمارە ٣٠٧ی "کوردستان" ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران چاپکراوەی مانگی خاکەلیوە کە لەسەر کەسایەتیی پیشەوا قازی موحەممەدە بخویننەوەو بۆ ئەوەی هەم بۆ خۆتانو هەم نەتەوەی کورد بەگشتی پیشەوا قازی وەك هەبووە بناسنو چاپیشی بکەن. ئەوە فۆتۆی ئەو مقالەیەشتان دەگەل ئەو نامەیە بۆ دەنیرم.

**بە سوپاسەوە: جەلیل گادانی**

**پاریس: ٢٠٠١/١١/٣٠**

# بەبۆنەی ١ی ژوئەن، رۆژی جیهانیی منداڵانەوە

خەدیجە مەعزوور



لەو وڵاتانەی کە کیشەی نیوخۆیی، قەیران یا گیروگرفتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییان هەبووە، زەرەرو زیانی ئەم قەیرانو گیروگرفتانە راستەوخۆ داوینی هەموو هاووڵاتیانی گرتۆتەوە. بەڵام ئاکامی ئەم زەرەرو زیانانە لەپیشدا هەرەشەی لە منداڵان کردوە. زۆرجار ئەم قەیرانو کیشانە بەرادەیەك توندبوون کە ژیانی منداڵانیان لەگەڵ مەترسیو تەنانەت مەرگ بەرەوروو کردوە. هەر لەو پیوەندیەدا بۆ ئەوەی منداڵ لە هەرەشەو مەترسیی جۆراوجۆر رزگاری بیٚو ساتو سەودای سیکسی پی نەکریٚو جەستەی ناسکی لە مەزراکانو کارخانەکاندا تیك نەچیٚو یا جەستەی بۆ فرۆشتنی ئەندامانی لەشی پارچە پارچە نەکریٚ، پیویستی بە ناوەندیکی بەهیز یان لانیکەم شوینیك یا ریکخراویك کە بیٚلەبەرچاوگرتنی رەگەز، رەنگو مەزهەب دیفاعو پشتیوانی لە مافەکانی بکا زیاتر هەست پیٚ کراوە.

لە سالی ١٩٤٩ی زایینیدا بە هەولوتیکۆشانی "فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی ژن"و "یەکیەتیی نیونەتەوەیی لاوان" رۆژی ١ی ژوئەن وەك "رۆژی جیهانیی منداڵان" دیاری کرا کە هەر ئەو کات زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان پشتیوانییان لی کرد. رۆژی ١ی ژوئەن لە لایەك بەمەبەستی یارمەتیکردن بە منداڵان لە بوارەکانی پەروەردەو بارهینان، لەشساغی، ئابووری، بردنەسەری ئاستی فیکریلە سەرانسەری دنیاداو لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئەو رۆژە هەلیك بیٚ بۆ دەرخستنو نیشاندانی توانای داهینانو ئیستعدادو ویستو داخوازەکانی منداڵان، دیاری کراوە. دامەزراوی "UNICEF" کە سەر بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، هەموو سالیٚ راپۆرتیك لەسەر وەزعی منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکاتەوە. بەو حالەو بە تیپەربوونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بەسەر تەمەنی کارو تیکۆشانی ئەم ریکخراوەیەداو بە خویندنەوەی راپۆرتی ساڵانەی ئەو ریکخراوەیە تیٚدەگەین کە ئالوگۆریکی بنەرەتی لە شیوەی رەفتارکردن لەگەڵ منداڵان لە وڵاتانی دنیا، تەنانەت لە وڵاتە سەنعەتیو پیشکەوتوەکانیشدا پیك نەهاتوە. تەنیا دەتوانین ئیشارە بەوە بکەین کە چالاکیی "UNICEF" تارادەیەك بەگورتر بووەو زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکا کە منداڵان پیویستیان بە دابینبوونی مافە تایبەتییەکانی خۆیان هەیەو دەبیٚ سەرنجو بایەخیان بدریتیٚ. دەنا هەموو ئەو بریارانەی کە لە لایەن "UNICEF"ەوە لەسەر رەفتاری نادروست بەنیسبەت مندالەوە دەدرین زەمانەتی ئیجرایییان لە هیچ وڵاتیکدا نیە. زۆرجار ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵانە چەند وڵاتیك بەهۆی پیشیلکردنی مافەکانی منداڵانەوە مەحکووم دەکا، ئەم مەحکوومکردنە کاریکی باشە، چونکە دزیویی ئەو جۆرە رەفتارانە بەنیسبەت منداڵان نیشان دەدا. بەڵام بەو حالەش ئەم مەحکوومکردنانەش لەو بوارەدا ماهییەتی ئینسانەکانی لەپیوەندی لەگەڵ رەفتار لەگەڵ منداڵدا نەگۆریوە.

ئەو فریشتە چکۆلانە بەهۆی کەم تەمەنییەوە بەرگەی زۆر چەرمەسەریو چەوسانەوە ناگرنو هەر زوو زەبر لە هەستو جەستەیان دەدریٚ. هەر بۆیە منداڵ پیویستی بە پشتیوانییو ئامۆژگاری گەورەکان هەیە. سەرەرای ئەوە منداڵان لە باری خۆراگری لە بەرامبەر گیروگرفتدا لەگەڵ گەورەکان جیاوازییان هەیە، داواو مافو پیداویستیی تایبەتیشیان هەیە. بەڵام ئایا لە هەر کۆمەڵو بنەماڵەیەکدا گرینگی دەدریٚ بە مافی منداڵو ویستو داخوازەکانی وەبەرچاو دەگیرین؟ ئایا وڵاتان بەو شیوەیەی کە پیویستە هەلسوکەوت لەگەڵ منداڵان دەکەن؟ لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی ئەزموون کراوەو تارادەیەك مافی مرۆڤ وەبەرچاو دەگیریٚ، دەتوانین بلیین منداڵان تارادەیەك خاوەنی ئەو مافانەن کە دەبیٚ هەیان بیٚ. بەڵام لە وڵاتە پیشکەوتووەکانیشدا مافی منداڵان پیشیل دەکریٚو لە باری جەستەو رۆحەوە دەچەوسینەوەو دەکەونە بەر ئازارو ئەشکنجە. بۆ نموونە لە وڵاتیکی پیشکەوتووی وەك ئالماندا ئامارەکانی پۆلیسی هامبورگ ئاماژە بەوە دەکەن کە ساڵانە ٢٠ هەزار منداڵ دەستدریژییان دەکریتە سەر. یا لە وڵاتیکی وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کە ئابوورییەکی پەرەسەندووی هەیە، لە لەشی شلكو ناسکی منداڵان بۆ کاری تاقەتپروکینی مووچەو مەزرا کەلك وەردەگیریٚ. بەگویرەی راپۆرتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە جیهاندا لە هەر ١٣ منداڵ، مندالیك پیش گەیشتن بە تەمەنی ٥ سالی دەمریٚ. یا زیاتر لە ١٠ میلیۆنو نیو مندال بەهۆی جۆراوجۆرەوە گیانیان لەدەست دەدەن. ١٥٠ میلیون منداڵ نەخۆشیی کەمخۆراکی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژە بە وڵاتانی جیهانی سیهەم دەکا کە نزیکەی ٤٠٪ی منداڵان کیشیان بەنیسبەت تەمەنیان لە خوارەوەیەو بەهۆی کەمخۆراکی ئازار دەکیشن. هەروەها لە سەرانسەری دنیادا ١٢٠ ملیۆن منداڵ کە زۆربەیان کچن لە خویندن بیٚبەشن.

سەرەرای ئەوە کە زۆر لە منداڵانی جیهان لە دەرسخویندنو خۆراكو کەرەسەی گەشەکردن بیٚبەشنو هەر لە مندالییەوە هەلومەرجی پیری بەسەریاندا زاڵ دەبیٚ، ئەو نەونەمامە تازە چرۆکردوانە وەك کەلوپەل لە لایەن بازرگانانی منداڵانەوە بەکۆمەڵ ساتوسەودایان پیٚ دەکریٚو دەفرۆشرینە ئەو ناوەندە فەحشاو باندە ترسناکانەی مافیای منداڵ، یان لە لایەن باندەکانی سیکس دەکەونە بەر پەلامارو ئازارو ئەشکەنجەی رووحیو جەستەییو دەستدریژییان دەکریتەسەر. چەند مانگ لەوە پیش ریکخراوی "UNICEF" لە راپۆرتیکدا باس لە دەستدریژیی سیکسی بۆ سەر منداڵانو بەربڵاوبوونی ئەم کردەوەیە لە سەرانسەری جیهاندا بەتایبەت لە وڵاتانی وەك لیتوانی، تایلەند، رووسیە، تانزانیا، ئامریکا (شاری نیویۆرك)و میکزیك دەکا.

"کارۆل بیلامی" دەلیٚ: "ئەوە زۆر ناخۆشە کە دیاردەیەکی ئەوتۆ لە هەموو ناوچەکانی دنیادا بڵاو بیتەوە." ئەم دیاردەیە لە ئیرانی ژیردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەویٚ. هەر ماوەیەك لەوە پیش چەند باندی منداڵ رفاندنو فرۆشتن ئاشکرا بوون کە دەستی ژمارەیەك لە مۆرەکانی ریژیمیشیان تیٚدا بوو. لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، هیندوستانو... مافیاکانی سیکسو منداڵفرۆشتن زۆر چالاکن. ئەو مەسەلەیە بۆتە گیروگرفتیکی گەورەی جیهانی، بیجگە لەوە منداڵان گەورەترین قوربانیانی شەرو تیکهەلچوونەکانن. بەگویرەی ئامارەکان ریژەیەکی زۆری قوربانییەکانی ئەو شەرانەی کە ئیستا لەگۆریٚدان غەیرە نیزامینو زۆرترینیشیان ژنانو منداڵانن. نموونەی بەرچاوی ئەم قوربانییانە لە فەلەستینو یا لە شەری ٨ سالەی ئیرانو عیراقدا بەرچاو دەکەون کە بە هەزاران منداڵ بە فتوای خومەینی بوونە گۆشتی دەمی تۆپو یا کلیلی بەهەشتیان پیٚ دراو بەکۆمەڵ وەسەر مەیدانەکانی مینیان پەراندن.

منداڵان لە هیندیك لە وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی ئیسکاندیناویدا ژیانیکی خۆشو بیٚدەردی سەریان هەیەو لە ئاسوودەییو هیمنیدا دەژین. ژیانی منداڵانی ئەم جۆرە وڵاتانە لەگەڵ ژیانی منداڵانی ئەو وڵاتو ناوچانەی کە کیشە یان شەرو کیشەیان تیٚدا بەردەوامە، بەراورد ناکریٚ. ئەگەر لە وڵاتانی پیشکەوتوودا منداڵان بە کامپیوتەر کار دەکەنو تەنانەت کایە بەم ئامرازە دەکەن، ئیستاش کەرەسەی سەرگەرمی منداڵانی کوردستان بەگشتیو کوردستانی ئیران بەتایبەتی گوللە تۆپی نەتەقیندراو یا قاپۆغی گوللەی چەکەکانی دیکە لە کۆنە پیگەکانی ریژیمە کە کایەکردن بە گوللەتۆپو زۆرجار مەترسیی گیانلەدەست دانو وەسەر مین پەرینی بەدواوەیەو تووشی رووداوی تاڵو دلتەزین دەبنو یا لە کاتی کایەکردن لەم پیگەیانەدا، بوونەتە ئامانجی گوللەی دوژمن.

مندالی کورد هەر بە مندالی جەستەی ناسکی دەخریتە ژیر کاری قورس. بۆ ئەوەی برسی نەبیٚو بژیویٚ پەیدا بکا، بارکیشیو قاچاغچیتی دەکاو زۆرجاریش لەو ریگایەدا دەکەویتە بەر گوللە. مندالی کورد لە سەدەی ٢١ لە ژیر سیبەری کۆماری ئیسلامیدا شوینی کایەو حەوانەوەی بە هیچ جۆریك لەگەڵ دنیای ئەمرۆدا ناگونجیٚ. مندالی کورد لە جیاتی خویندنو ئاشنابوون لەگەڵ دنیای سەردەمو لە پشووی هاوینیدا لە جیاتی ئیستراحەت دەبیٚ جەستەی ناسكو بیٚهیزی بداتە بەر کاری سەختو تاقەتپروکین. تۆ بلیی ئەم وەزعە تا کەی دریژەی بیٚ؟ ئایا دەتوانین کۆتایی بە توندو تیژیو ستەم بەنیسبەت منداڵ لە سەرانسەری دنیاو لە کوردستاندا بینین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کاتیك موسبەتە کە هەژاریو برسیەتی نەمینیٚو شەرو توندو تیژی کۆتایی پیٚ بیٚو مرۆڤ بەئاسوودەیی بژیو لە هەمووی گرینگتر موحەبەتو خۆشەویستیی دایكو باب بەنیسبەت منداڵ ببیتە سەرلەوحەی ژیانو هەروەها بنەماڵەکانو وڵاتانو ناوەندو ریکخراوە مرۆڤدۆستەکان گرینگی زیاتر بدەنە منداڵو چۆنیەتیی بارهینانی، ئەو کاتە دەتوانین هیوادار بین، منداڵ لە کۆمەلیکی ئەوتۆدا بەختەوەرەو ئازاری پیٚ ناگا.

سەرچاوە:
١- رۆژنامەی جام جم، ژمارە ٤١٤
٢- رۆژنامەی کار، ژمارە ١٥٩



# منداڵانی تاراوگە

خالید

واتای منداڵانی تاراوگە نە واتایەکی نویٚیەو نە دۆزینەوەیەکی تازەیە.بەڵام لە راستیدا منداڵانی تاراوگە کام دەستە لە منداڵانی کوردنو بۆ منداڵانی تاراوگەیان پیٚ دەگوتریٚ؟ بۆ واتایەکی ئەوتۆ نامۆیە بە ئەدەبیاتی کوردیو ئەدیبی کورد بۆچی تا ئیستا باسی لەم تویژە بەربڵاوە نەکردوە کە دەرئەنجامی شەری داسەپاوی کوردستانن. تۆ بلیی بۆ ئیمەی کورد کە تەواوی ساتەکانمان لە تاراوگە داینو نیشتمانمان پیٚ رەوا نابینریٚ واتای منداڵانی تاراوگە هەلگری چ تایبەتمەندیو پیناسەو سیمایەك بیٚ؟

منداڵانی تاراوگە بەو مندالە کوردانە دەگوترین کە لە تاراوگەدا دەژین، یا مەحکوومن بەوەی کە لەویٚدا بژین. کەواتە منداڵانی تاراوگە ئەو منداڵانەن کە لە دەرەوەی نیشتماندا دەژین. واتە تاراوگە بووە بە نیشتمانی ئەوان. ئەم بە نیشتمانکردنەی تاراوگەش، تاوانی ئەو نیشتمانخوازییەیە کە دەبیٚ بۆ نیشتمانی دایك بدریٚ. نیشتمانیك کە تا ئیستاش هزرو جەستەی منداڵانەیان هەستی بە خۆشەویستییەکەی نەکردوە. کەواتە پیش ئەوەی چاویان بە نیشتمان بپشکویٚو نیشتمان باوەشی بۆیان ئاوەلە بکا ئەوان دەبیٚ تاوانی لەئامیز گرتنی نیشتمان بدەن.

منداڵانی کوردستانی ئیران وەك تویژیکی بیٚدەسەڵاتو بیٚتاوانی گەلی کورد، لەریزی ئەو کەسانە بوون کە کەوتنە بەر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان. ئەو شەرە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشیك لە منداڵانی کورد ناچار بە هەلبژاردنی ژیانی تاراوگەیی بن یا بۆ مانەوەیان راپیچی تاراوگە بکرین. ئەوە لە حالیك دایە کە بە هۆی دریژخایەن بوونی ئەو شەرەوەو خەبات بۆ ئازادی، نەسلیك لە تاراوگەدا پیٚگەیشتوون کە بە نەسلی تاراوگە ناو دەبرینو ئەم نەسلەش خەریکە نەسلی دیکەی تاراوگەنشین لە دوای خۆی بەجیٚ بیلی.

لە ریزی منداڵانی تاراوگەنشیندا ئەژماریکی بەرچاو لە منداڵانی دیمۆکرات دەبینرین کە ئاوارەی وڵاتانی جیهانو یەك لەوان کوردستانی عیراق کراون. تاوانی منداڵانی دیمۆکرات تاوانیکی جیانەکراوەیە لەو تاوانانەی کە دەسەڵاتدارانی وڵات دەیدەنە پاڵ ئازادیخوازانی دیمۆکرات! لەواقیعدا بنەماڵەی ئەو منداڵانە لە ریزی تیکۆشەرترین بنەماڵەکانی کوردستانو ساڵانیکی دوورو دریژە لە پیناوی وەدیهاتنی ئازادیو ئاشتیدا خەبات دەکەن. ئەو منداڵانە لە دژوارترین ساتەکاندا دەژینو ژیان بۆ ئەوان بووە بە مەیدانیك بۆ بەربەرەکانیی لەگەڵ هەژاریو ئاوارەییدا. منداڵانی دیمۆکرات ئەو پیشمەرگە روح سووکانەن کە ریژیم لییان تۆقیوە. ئەوانیش وەك دژە شۆرش چاو لی دەکا! منداڵانی دیمۆکرات بەشیکی جیانەکراوەن لە منداڵانی نیوخۆی وڵاتو هەمیشە خەون بە نیشتمانەوە دەبینن. خەون بینین بە نیشتمانیش واتە نامۆ نەبوون بە نیشتمانیك کە روالەتەن لیی دابراوی، واتە بەربەرەکانییە دژ بەو هیزەی دەیهەویٚ سنووریکی هەمیشەییولیك نامۆ بوون لە نیوان نیشتمانو رۆلەکانیدا بکیشیٚ.

دەبا لە خەمی منداڵانی تاراوگەنشینی کورددا شەریك بینو لەو راستییە تیٚبگەین کە بونیات نەرانی داهاتووی ئەم نیشتمانە ئەوانن. کەواتە ئەوەندەی دەکریٚ ببین بە چەتریك بۆ حەوانەوەی ئەو پەپوولە باڵ کراوانە.



دیمەنیك لە منداڵانی ئوردووگای رۆمادی

**سەردەکەوین**
**چونکە دوینیٚ**
**تۆپە قوریکی دەسکردم**
**دایە دەست مندالیکی کورد**
**ئەو لەباتی بووکە شووشە**
**تفەنگیکی بچکۆڵانەی لی دروست کرد.**

"عەبدوڵلا پەشیو"

## منداڵانی کوردو

# پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵان

ع. بداغی

لــە ســاڵدا رۆژێــك وەك رۆژی منداڵان دیاری کراوە. رۆژێك بۆ گــوێ هەڵخستن لــە سکاڵای بــەردەوامیان لەدەست پێشێلکرانی مافــەکانیان، رۆژێـك بـۆ رێزگرتـــن لــە ویســـتو داخوازەکانیـــان، گـــەرچی ئـــەو داکۆکیکردنو رێزگرتنـــە روالـەتییش بێ. رۆژێك بــۆ وەبیرهێنانـەوەو بـاس کـردن لەســـەر یەکەیەکــەی بـــەندو ماددەکانی پەیماننامــەی نێونەتــەوەیی مافی منداڵان. رۆژێك بۆ بیرکردنـەوەو گەڵاڵەدارشـــتن بەمەبەســـتی باشـــتر پەروەردەکردنو بارهێنانو پێراگەیشتن بە چۆنیەتیی ژیانیان تەنانەت گەر بــە کردەوەش بۆمان دەست نەدات، رۆژێك بۆ تێرامان لە دنیـای شـیرینو خەونـە سـەوزەکانیانو بێخەوشیی رووحـــی ژیانیان. بەڵام خوێندنـــەوەی بـەند بـە بەندی پەیماننامــەی مـافی منـداڵانو بەراوردکردنیان دەگەڵ وەزعی نالەباری ژیانی منداڵان لەم بارودۆخەی ئێستای کوردسـتاندا راستییەکی تاڵـمان بـۆ وەدەر دەخا. راسـتییەك کـە وەپشـت گوێخســـتنو ســـەرنج پێنـــەدانی ئاکــامێکی دڵتــەزێنی بەدواوەیـــەو شـوێنەوارێکی نالـەبار لەسـەر رووحو رەوانی کۆمەڵگای کوردی دادەنێ. لــە پەیماننامـــەی نێونەتـــەوەیی مـــافی منــداڵاندا کــە بــە پەسندی زۆربــەی وڵاتانی دونیا گەیشتوە راگەیەندراوە کە هیچ کەس مافی ئەوەی نیە راپەراندنی کارێك بەسەر منداڵدا بسـەپێنێ کـە لەگـەڵ تواناییلـــەشو تەمـــەنیدا نەگونجێو بەڵێنیان داوە کــە پاراسـتنو چـاوەدێریی پێویست بۆ پێگەیاندنو خۆش رابواردنـــی منـداڵان دەستەبەرو دابین بکـەن. بـەڵام ئـەمرۆ بــە هــەزار منداڵی کورد لە قرچەقرچی گەرمای هـاوینداو رۆژ تا ئێوارە لە کوورەخانەکانو کارگە پیشـەییەکانی دەرەوەی کوردستاندا کار دەکــەنو دەچەوسـێنەوە، یان لە نێو خاكو خۆڵو چڵکـاودا دەتلێنــەوە. زۆرن ئەو منداڵانەی لانکــەکانیان لــە بـن "فەنـەر"(١) دانراوەو بۆ چۆرێك شیر گروو دەگرن بەڵام لە لایــەن دایکیانەوە ئاورێکیان لێ نادرێتەوە، چونکە دایکی زەحمــەتکێش تـا قالبەکــەی فرێ دەداو دەســتی دەشواتەوەو پێی رادەگا گەلێك لە کارەکـــەی وەدوا دەکەوێ.

دەبا گوێ بۆ ســکاڵاو گـازندەی ئــەو منالانــە راگرین کە دایكو بابیان سـەرکۆنە دەکــەن کــە بــۆ دەبێ لەو تەمەنەدا کاریان پێ بکرێو لەشی شلكو نەرمو نیانیان شـــەلالی ئارەقــەو تــەپو تـۆز بــێو بکەوێتــە بــەر هەرەشــەی شـــوێنەواری زیانبـــاری دەرەنجامی کار. دەبا هاواری لە گەروودا خنکـاوی دایكو باوکی ئەو منالانە ببیسـین کـە خۆیـان بــە



تاوانبارێکی نەبەخشراو دادەنێن، چونکە منداڵانیـــان هێناوەتــە سـەر دنیاو ئێستا نەك هەر توانای پێ راگەیشتنو بارهێنانی ئــەوانیان نیــە، بەڵکوو ناچاریان کردوون بۆ دابینکردنی بەرێچوونو بژیویان کار بکەنو لە مەیدانەکانی کاردا ئارەقــە برێـژنو یان لە داری تەون نەیەنــە خـوارێ کــە واتە وچەی داهاتووی گەلەکـــەمان لــە وەها بارودۆخێکدا پەروەردە دەبێو پێ دەگا!

مارسی ١٩٩٦، ٣٤ وڵاتی جیهان لـــە "ژنێـــڤ" کـــۆ بوونـــەوەو پەیماننامەیەکیان لە دژی بەکارهێنانی مینـی دژی نەفــەر پەسـند کـرد کــە ئێرانیش یەکێك لە وڵاتانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیــەدا. بــە سـەرنجدانێك بــە رێژەی تەقینەوەی مین لە کوردســتانو ژمارەی قوربانییەکانی ئەو کارەســاتە بۆمـــان دەردەکـــەوێ کـــە زۆربــــەی قوربانییــەکانی لــە منــــداڵان پێــك هـــاتوون. منداڵانێـك کـە بـۆ کـــاری ســەرپوولەو مــەزرا، بـۆ لــەوەراندنی مەرومالاتیان بۆ کایــەکردن لــە مـاڵو ئاوایی وەدەر کەوتوونو کەوتوونە سەر مینو گیانیـــان لەدەســـت داوە یـــان کەمئەندام بوون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کــە بــەپێی نێوەرۆکــی پەیماننامـــەی ١٩٩٦ی "ژنێڤ" ئەو وڵاتانەی مینی دژی نەفــەریان بــەکار هێنــاوە دەبــێ بۆخۆیـــان بـــە زووتریـــن کـــات کۆیـــان کەنــەوەو لــە کاریـــان بخــەن. بـــەپێی مـــاددەی چــواری پەیماننامـــــەی نێونەتـــەوەیی "مـــافی منـــداڵان"، "منداڵ دەبێ ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی هـــەبێ" بـــە ورد بوونەوەیـــەك لـــە نێوەرۆکـــی ئـــەو ماددەیـــە بۆمـــان دەردەکەوێ کە دەوڵەتانی ئەندام لـــەم پەیماننامەیـــەدا دەبـــێ هـــەموو رێوشوێنێکی یاسـاییو بەرێوەبـەری، کۆمەڵایــەتیو فێرکـاریی پێویســـت بەکار بێنـــن تــا لــە بەرامبــەر شێوە جۆربە جۆرەکـــانی ئـازاری جیسـمیو رەوانـیدا پارێزگـاریی لــە منـــداڵان بکەنو وێرای پشت گوێ نەخستنی ئەم ماددەیە هەموو شێوە رەفتارێکی پێچەوانەی پەیماننامەکە لەقاو بـدەن. بێبەشـیو مەینــەتیو چارەرەشـــیی منداڵانی کۆمەڵگەی کورد هــەر بــەم دوو سێ خاڵەی کــە ئاماژەمـــان پــێ کرد کۆتـــایی نایــەو ئەگــەر بــە وردی لێیان بکۆڵینـــەوە دەبینـــین کـــە گـــیرو گرفتەکان گەلێك جار لایەنی سیاسـی بە خۆوە دەگرن. کە ئەگەر هـــەموان پێکەوە بخەینە بـــەرچاو رەنجنامەیـــەك پێك دێنێ کـــە وێژدانـــی مرۆڤایـــەتی دەرووشـێنێ. رەنجنامەیــەکی ئــەوتۆ پێویســـتی ســـەرنجدانێکی تایبـــەتو بایەخدانی لەوە زیـــاتر بـــە منـــداڵانو هەڵگرتنی هەنگاوی هەمەلایەنـــە بـــۆ کەمکردنـــــەوەی ئێــــشو ئـــــازارو چەوسـانەوەو کـــارکردنی منـــداڵانو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان دەخوازێ.

(١) ـ "فەنـەر" بــەو خشـــتانە دەگوترێـــن کـــە ویشــك دەبنـــەوەو لەسەریەك بە ریز هەڵدەچنرێن.

---

# خۆشم دەوێی ژینگە

م. میلاد

به بۆنەی ٥ی ژوئەن

رۆژی جیهانیی ژینگەوە



که باس لە ژینگە دەکرێ باس لـــە رووبـەرێکی بـەربلاو دەکرێ کـە لـە نـاخی خـۆیدا هــەڵگری کۆمەڵێك ماناو تەعبیرە لە پێناوی ژیانو ژیانەوەدا. ژینگە واتە شـوێنی ژیـانو زەمینێـك بـۆ مانـەوەو قەوارەیەك بۆ حەوانەوە. ژینگــە واتــە بازنەیــەك بـۆ بوونو هیواداربوون بە بوونو بــە تــەعبیرێکی دیکـە واتە پێگەیەك بۆ ژیانو حەسانەوە.

مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە لــە هــەولی ئەوەدا بووە کە تەواوی زەوی لە پاوانی خۆی بگرێو دەسەڵاتی بێئەملاو ئەولای خۆی تییدا دابمەزرێنێ. ئەم ژینگــە بــە خـاوەن کردنــەش بــە وتــەی شـاعیر بەزیندان کردنی زەویو ملکەچ کردنی گیانلەبــەرانی دیکەیە. لەو ساتەوەختەدا بۆ مرۆڤ چـــی دی گـۆی زەوی نابیتــە ئــەو تاراوگەیــەی کـــە دەبـــێ پـــاش زەمەنیکی دیکە مـالاوایی لی بکـا، بـەلکوو گـۆی زەوی بۆ ئـەو دەبیتـە ژینگەیــەك بــۆ مانــەوەی هەمیشەییو دەبیتە کیلگەیــەك بـۆ بەرهەمــهینانی حـەزو خولیاکـانی ئـەو. حـەزو خولیاگـەلیك کـــە تائیستاش گەورەترین زەبریـــان لـــە جەســتەی زەویو پیــس بوونـی ژینگـه داوە. بێئاگــا لــەوەی کــە پیسبوونی ژینگــە راسـت بــە واتـای گـیرۆدەبوونی مرۆڤ بە دەیان نەخۆشییە کە بیگومان بەشیك لـەو نەخۆشینانە هەلگری دیوەزمەی مەرگ بوونو هەن.

ئەم ژینگەیەی کە تییدا دەژین تـــا ئیسـتا دوو شۆرشی دیارو شــوینـدانەر لەسـەر جەسـتەی بـەرپا بوون، کە هەر کام لەو شۆرشانە لە پیربوونی ژینگەو سووتاندنیدا رۆلی بەرچاویان هەبوو؛ شۆرشی یەکـەم کە بە شۆرشی کشتوکالی بەناوبانگە هــەزاران سـال دریژەی کیشا. لەم قۆناخەی بوونی ژینگەدا، مــرۆڤ بە هەموو توانای جەستەییو عەقلییەوە ژینگەی لە ئامیز گرتبوو. ژینگە بۆ مرۆڤی ئەو قۆناغە هەموو شتیك بوو. واتە ژیانی رۆژانەی لــە ریگـای کـارکردن لەسـەر زەویو ژینگــەوە بـــەریوە دەچوو. بەگشتی عەقلییەتی ئـەو سـەردەمە عەقلییەتی کـار لـە سـەر زەوی بـوو. بـەو حالەش ئەوەندە کە لە ئامیزگرتنی ژینگە بۆ مانــەوەی مــرۆڤ گرنـگ بـوو، پاراســتنی ژینگە بایەخی نەبوو. تەنانەت دەتوانین بلیین کـــە مەقوولەیـــەك بـــەناوی ژینگـــەو ژینگەپاریزی لــە فەرهــەنگی خــەلکی ئــەو قۆناغەدا مانای نەبوو. تەنیاو تەنیا بە دوای سەرهەلدانی شۆرشی سەنعەتیو پــەیدابوونی کۆمەلگا پیشەسازییەکاندا بوو کە ژینگەو ژینگەپاریزی بوونە بەشـیك لــە خەمــەکانی مرۆڤ. مرۆڤیك کە لــەو قۆناغــەدا بۆخـۆی دەبیتە تاکە سەرچاوەی پیســبوونی ژینگــە.

لــە راستیدا شۆرشـی سـەنعەتی کـە بـــە دووهــەمین شۆرشـی مـــرۆڤ دەژمـــیردرێ سەرهەلدانی چەمکی ژینگەو ژینگــەپاریزی هینایە نیوی ئەدەبیاتی خەلکی. بەو حالەش لاکردنەوەی مرۆڤـی دنیـای مۆدیرنیـش لــە ژینگەو خــەباتی بــۆ پاراسـتنی ژینگــە لــە راستیدا نە لــە خــەمخۆریی ئــەو بــۆ ژینگــە سەرچاوەی گرتبێ، بەلکوو دەگەریتــەوە بــۆ ئەو کاولکارییانەی کە ئەو بەسەر ژینگەیدا هینابوون. شۆرشی سەنعەتی لە کاتیکدا کە کۆمــەلیك دەســکەوتی بــۆ کۆمـــەلگای مرۆڤایەتی بــە دیــاری هینــا، هاوکــات ژینگەشی کردە زبلدانــی پیشـکەوتنەکانی. سەردەمی مۆدیـرن بـۆ ژینگــە، سـەردەمی دەرخواردانـی بــە ملیۆنـان تـــون زبـــلو دووکەلی کارگەو کارخانە گــەورەکان بـوو. ســـەردەمی هـــەلکۆلینی ژینگـــەو بەتالانبردنی نهینییەکانی ناخیو کرانەوەی لایەی ئوزۆن بوو. ژینگە لـــەو ســەردەمەدا کرا بــە تاقیگــەی مەترسیدارترین چەکـە کۆکوژییـــەکانو... لیکۆلینـــــەوەکانو بەدواچوونــەکانیش پیشـــانیان داوە کــــە کۆمەلگای سەنعەتی گەورەترین زەبری لــە ژینگەو بەگشتی گۆی زەوی داوە. ولاتــانی سەنعەتیی جیهان سالانە بە میلیۆنان تـــون زبلو پاشماوەی کارخانەکانیان دەرژیننە نیو ئاوەکانو دلی خاك کە پیویستە بیریك لـەم پاشماوە سەنعەتیانە بکریتەوە.

بێگومـــان لــە ســەردەمی ئــەورۆشدا ژینگە پتر لە سالان کەوتۆتە بـــەر شالاوی دەیان مەترسی. هەر لەو پیناوەشدایە کــە لە سەرانسەری جیهاندا بە دەیـــان نـاوەندو حیزبو کۆمەل بۆ داکۆکیکردن لــە ژینگــە دامەزراونو دروشـــی پاراســتنی ژینگــەیان وەك یەکیك لە داخوازەکــانی خۆیـان بــەرز کردۆتەوە. کە واتە نەتەنیا مەترسییەکانی ســـەر ریگــای لــە گۆرنــانی ژینگــە کـــەم نەبۆتەوە، بەلکوو ژینگــەیان پــتر خســتۆتە بەر هیرشو پیویستە مرۆڤی خوشحاڵ بــە دەسکەوتە مۆدیرنەکانیش پاراستنی ژینگە بکاتە یەکیك لە خەمە هەمیشەییەکانیو بەجیددی کاری بۆ بکا.

---

## کۆتایی هاتنی دەورەی ١٤٠ی سەرەتایی پیشمەرگە

بەبۆنەی کۆتایی هــاتنی سـەرکەوتوانەی دەورەی ١٤٠ی سـەرەتایی پیشـمەرگە، رۆژی شـەممە ریکـەوتی ٨١/٣/١١ ریورەسمیکـی تایبــەتی بــە بەشداریی هەیئــەتی نوینەرایــەتی کومیسـیۆنی سیاسی- نیزامیو بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەو هەروەها کۆمەلیك لە کادرو پیشمەرگەو بنەمالەکانی دەوروبــەری دەفتــەری سیاسـی لــە فیرگــەی سیاسـی- نـیزامی حـیزبی دیمۆکراتـی کوردستانی ئیراندا بەریوە چوو.

ریورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئــەی رەقیـب" دەسـتی پـێکرد. دواتـر هـاورێ عومەر بالەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی فیرگەی سیاسی- نیزامی حیزبی دیموکراتـی کوردستانی ئیران بەم بۆنەیەوە وتاریکی پیشکەش کرد.

کاك عومەر لە سەرەتای قسەکانیدا پاش بــەخیرهینانی میوانــەکان، لەبــەرکردنی جلوبــەرگی پیرۆزو پر لە شانازی پیشمەرگایەتی لە بەشدارانی دەورەکە پیرۆزبایی کردو وتـی: "بــە تــەواوبوونی دەورەی ١٤٠ی سەرەتایی پیشمەرگە، شـانازییەکی دیکــە بــە شـانازییەکانی فیرگــەی سیاسـی- نیزامی ئیزافە بوو و بە سەرکەوتنەوە توانی بەرگی پیرۆزی پیشمەرگایەتی لەبەر دەستەیەکی دیکــە لە رۆلەکانی کوردستان بکاو بەو بۆنەیەوە هەر لیرەوە هیوا دەخوازین کە بەشدارانی دەورەی ١٤٠ی سەرەتایی ئەرزشو بایەخی ئەو بەرگە پیرۆزەو ناوی بــەرزی پیشـمەرگە بزانــو بیپـاریزن." دواتـر ئاماژەی بە رۆحیەی فیداکاریو لەخۆبوردوویی رۆلــەکانی گــەلی کــوردو گرنگـیو بایــەخی هــیزی پیشمەرگەی کردو وتی: "... جا بۆیــە پیشـمەرگەو پیشـمەرگایەتی پـیرۆزنو جیی‌شـانازییەو ئــەو شانازییەش بە نسیب هەموو کەس نابێو ئەو کەسەی کە بە نسیبی ئەبێ، دەبێ بە لیوەشاوەییەوە بیپاریزێ."

بەریزیان لە دریژەی قسەکانیدا باسی لە ئەركو وەزیفەی پیشمەرگە لە هەلومــەرجی ئیسـتادا کردو دواتر ئاوریکی کورتو خیرای لە میژووی خەباتی حیزبەکەمانو هیزی پیشمەرگەی کوردستان دایەوەو پاشان باسی لە نەخشی گەلی کورد لـــە شۆرشــی گــەلانی ئــیراندا کــردو وتـــی: "خــەلکی کوردستان کە زیاتر لە خەلکی بەشەکانی دیکەی ئیران لە ژیر زولمو زۆردا بووەو دەردو کویــرەوەری زیاتری کیشاوەو تینووی ئازادی بووە، پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیرانیش دوژمنـــانی کـورد لــە بــەرگیکی دیکــەدا بــەرەورووی خـۆی دیتــەوە کــە دریــژەی خــەباتو خۆراگریــی کــوردی وەك پیویستییەکی میژوویی نیشان دەدا، ئەرکیك کە رۆلەکانی گەلی کورد بەباشـی بــەریوەیان بــردوەو ئیستاش لەسەر شانیانە."

دواتر راپۆرتی ئاموزشیی فیرگە لە لایەن یەکیك لـــە مامۆســتایانی فیرگـــەوە خویندرایـــەوە. پاشـان یــەکیك لــە هاوریێـانی بەشـداری دەورەی ١٤٠ بــە نوینەرایــەتی لـــە لایـــەن ســـەرجەم بەشداربووانەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پیشکەش کردو لــە پەیامەکـــەیدا ویـرای ئاوردانەوەیـــەکی کورت لەسەر وەزعیەتی لاوانی ئیرانو کوردستان، سوپاسو پــیزانینی خـۆی پیشــکەش بــە بەشـە جۆراوجۆرەکانی فیرگە بەتایبەتی مامۆستایان کرد کە لە ئەرکی پیرۆزی راهینانو بارهینانی لاوانی کوردستاندا ماندووی نەناسانە تێدەکۆشن.

لە بەشیکیتری بەرنامەکەدا هاوریێیان موحەمەد سالحی قادری ئــەندامی جیگـری کومیتــەی ناوەندیو کاك سەلیم سەیاد کادری بەرابردووی حیزبەکـــەمان کــە بــۆ ئــەم مەراسـیمە بانگهیشـتن کرابوون، خەلاتیان بەسەر ژمارەیەك لە بەشداربوواندا دابەش کرد.

نیوئاخنی بەرنامەکان ئاهەنگو شــیعرو گۆرانــی جۆراوجــۆر بــوون کــە لــە لایــەن بەشـدارانی دەورەوەو بە هاوکاری کۆری هونەری بەریوە چوون. کۆتایی هینەری ریورەسمەکەش دیمەنیك بـــوو لــە هەلپەرکیی کیژانو کورانی بەشداری دەورە کە لەگەڵ پیشوازی گەرمی ئامادەبووان بەرەورووبوو.

# ئاکامی یاریەکانی تۆپی پیی جامی هیوا، (جامی سالی ١٣٨١ی هەتاوی)



کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردن بە مەبەستی هەرچی زیاتر بارهینانو پەروەردەکردنی وەرزشکاران، ئەمسال بەپیی بەرنامەیەکی ریكو پیك پیشبرکیی سالانەی تۆپی پیی لە نیو تیمەکانی سەر بە ئۆرگانەکانی حیزبدا بەریوە برد. ئەم یارییانە لە سەعاتی ١٠ی سەر لە بەیانیی رۆژی ٢٠ی بانەمەری ١٣٨١ی هەتاوی دا بە بەشداریی هەیئەتی داوەرانو سەرپەرستی تیمەکانو یاریزانانی تۆپی پی دەستیان پیکرد.

لە ریورەسمی دەست پیکردنی یارییەکاندا بەریز کاك حوسینی مەدەنی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردن لە سەر وەرزشو ئەخلاقی وەرزشکاریو ئەهمییەتی وەرزش لە دنیای سیاسەت دا وتەیەکی پیشکەش کرد.

ئەو جار لە نیوان تیمەکانی دالاهۆ سەر بە ناوەندی یەك،

زریانو موکریان سەر بە ناوەندی دوو،

یەلدا سەر بە ناوەندی سێ،

مەشخەلان سەر بە ناوەندی وەرگرتنی پیشمەرگە (پذیرش)،

فیرگە سەر بە فیرگەی سیاسی ـ نیزامی

قەندیل سەر بە کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی،

تەرەغەو بیستون سەر بە هیزی پاریزگاریی دەفتەری سیاسیو

لاوان سەر بە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا، قورعەکیشی کرا کە لە ئاکامدا تیمەکان بە دوو گرووپی "ئەلف"و "ب" دابەش بوون.

**گروپی "ئەلف" لەم تیمانە پیك هاتبوو:**

**١.تیمی زریان سەرگرووپ**

**٢.لاوان**

**٣.یەلدا**

**٤.موکریان**

**٥.فیرگە**

**هەروەها گرووپی "ب" بریتی بوو لە تیمەکانی:**

**١. قەندیل سەرگرووپ**

**٢.دالاهۆ**

**٣.مەشخەلان**


**٤.تەرەغە**

**٥.بیستون**

لە رۆژی قورعەکیشی دا سەعاتی ٤:٣٠ی دوانیوەرۆ یارییەکان بە



شیوەی دوو حەزفی دەستیان پیکرد کە سەرجەم ١٨ یاری کرانو تیمەکانی زریانو یەلدا لە گرووپی "ئەلف"و تیمەکانی مەشخەلانو تەرەغە لە گرووپی "ب" دا هاتنە یەك چوارەمی نەهاییو پاشان یارییەکان بە شیوەی زەربدەری لە نیوان تیمی زریان سەر بە ناوەندی دووی کوردستانو تیمی یەلدا سەر بە ناوەندی سیی کوردستان بۆ وەدەستهینانی پلەی یەکەمو دووهەمو تیمی مەشخەلان سەر بە ناوەندی وەرگرتنی پیشمەرگە (پذیرش)و تیمی تەرەغە سەر بە هیزی پاریزگاریی دەفتەری سیاسی بۆ وەدەستهینانی پلەی سیهەم یارییان کرد کە لە ئاکامدا تیمی زریان سەر بە ناوەندی دووی کوردستان پلەی یەکەمی وەدەست هیناو تیمی یەلدا سەر بە ناوەندی سیی کوردستان پلەی دووهەمو تیمی مەشخەلان سەر بە ناوەندی وەرگرتنی پیشمەرگە (پذیرش) پلەی سیهەمی وەدەست هینا.



**دابەشکرانی خەلاتەکان**

رۆژی ٧ی جۆزەردان لە مەراسیمیكدا خەلاتی یەکەم لەلایەن هاوریی بەریز کاك حوسین مەدەنی پیشکەش بە تیمی زریان سەر بە ناوەندی دووی کوردستان کە پلەی یەکەمی وەدەست هینابوو کراو پاشان خەلاتی داوەرەکان پیشکەش کران.

خەلاتی دووهەمو سیهەم لە لایەن کاك خالید وەنەوشە ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی بەشی وەرزشی کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە پیشکەش بە تیمی یەلدا سەر بە ناوەندی سیی کوردستان کە پلەی دووهەمی بەدەست هینا بوو کراو پاشان خەلاتی سیهەم پیشکەش بە تیمی مەشخەلان سەر بە ناوەندی وەرگرتنی پیشمەرگە (پذیرش) کرا.

پاشان لەلایەن هاوریٚ عومەر غولامعەلی ئەندامی کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردن خەلاتی تایبەتیی جامی هیوا درا بە تیمی تەرەغە سەر بە هیزی پاریزگاریی دەفتەری سیاسیو خەلاتی باشترین راهینەر لە بوارەکانی ئەخلاقو فەندا بە راهینەری تیمی دالاهۆ سەر بە ناوەندی یەکی کوردستان دراو خەلاتیکیش بە تیمی لاوان سەر بە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەخشرا. هەروەها خەلاتی یاریزانانی بەتیکنیكو رەوشت جوانو ئاغای گۆلی جامی تۆپی پیی هیوا پیشکەشی یاریزانانی هەلبژیرداو کرا.

## دەست پیکردنی جامی جیهانیی فووتبالی ٢٠٠٢

<u>ئا: پیشرەو</u>

حەڤدەهەمین خولی جامی جیهانی (٢٠٠٢ی کورەو ژاپۆن) رۆژی هەینی ٨١/٣/١٠ بە ریورەسمیکی تایبەتی لە یاریگای شاری سیئول لە بەردەم ٦٠ هەزار کەسدا دەستی پیکرد. بە دوای تەواو بوونی ریورەسمەکەدا، یاریی کرانەوەی جام لە نیوان فەرانسە (قارەمانی خولی پیشوو)و سینیگال بە ناوبژیوانیی "عەلی بوسیم"ی ئیماراتی دەستی پیکرد.

لەم یارییەدا، تیمی فەرانسە کە بە بێ "زەیدان" یاری دەکرد، نەیتوانی بەو جۆرەی لیی چاوەروان دەکرا خۆی نیشان بداو لە بەرامبەردا، سینیگال کە بۆ یەکەم جار لە جامی جیهانیدا بەشدار بوو، بە یارییەکی جوانو بەهیز بە گۆلی دەقیقەی ٢٩ی "دیوف" (١ـ٠) ئەم یارییەی بردەوەو یەکەم سەرکەوتنی لە یەکەم بەشداریی خۆی لە جامی جیهانیدا وەدەست هینا.

بەرنامەی قۆناغی دووهەمی یارییەکانی جامی جیهانیی فووتبال (٢٠٠٢)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ٨١/٣/٢٥ | یەکەمی گرووپی E | دووهەمی گرووپی B | لە سیوگوییو | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| شەممە | ٨١/٣/٢٥ | یەکەمی گرووپی A | دووهەمی گرووپی F | لە نیجاتا | سەعات١٦ بەکاتی تاران |
| یەکشەممە | ٨١/٣/٢٦ | یەکەمی گرووپی F | دووهەمی گرووپیA | لە ئۆیتا | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| یەکشەممە | ٨١/٣/٢٦ | یەکەمی گرووپی B | دووهەمی گرووپی E | لە سۆون | سەعات١٦ بەکاتی تاران |
| دووشەممە | ٨١/٣/٢٧ | یەکەمی گرووپی G | دووهەمی گرووپیD | لە گوانگیو | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| دووشەممە | ٨١/٣/٢٧ | یەکەمی گرووپی C | دووهەمی گرووپیH | لە کۆبە | سەعات١٦ بەکاتی تاران |
| سێشەممە | ٨١/٣/٢٨ | یەکەمی گرووپی H | دووهەمی گرووپی C | لە میاکی | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| سێشەممە | ٨١/٣/٢٨ | یەکەمی گرووپی D | دووهەمی گرووپیG | لە دەیجۆن | سەعات١٦ بەکاتی تاران |

قۆناغی سیهەم (یەك چوارەم)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەینی | ٨١/٣/٣١ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ٥و٧ | لە شیزۆکا | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| هەینی | ٨١/٣/٣١ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ١و٣ | لە ئۆلسان | سەعات١٦ بەکاتی تاران |
| شەممە | ٨١/٤/١ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ٢و٤ | لە گوانگیو | سەعات١١ بەکاتی تاران |
| شەممە | ٨١/٤/١ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ٦و٨ | لە ئوزاکا | سەعات١٦ بەکاتی تاران |

قۆناغی پیش کۆتایی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سێشەممە | ٨١/٤/٤ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ١٠و١١ | لە سیئول | سەعات١٦ بەکاتی تاران |
| چوارشەممە | ٨١/٤/٥ | سەرکەوتووی یارییەکانی ژمارە ٩و١٢ | لە سیتاما | سەعات١٦ بەکاتی تاران |

**ریزبەندی**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شەممە | ٨١/٤/٨ | دۆراوەکانی پیش کۆتایی | لە دایجۆ | سەعات ١٥/٣٠ بەکاتی تاران |


یاریی کۆتایی (فینال)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یەکشەممە | ٨١/٤/٩ | سەرکەوتووەکانی پیش کۆتایی | لە یوکوهاما | سەعات ١٥/٣٠ بەکاتی تاران |

## چەند هەوالی وەرزشی

**<u>ئامادە کردنی: میهدی بەدری</u>**

### باقری، قارەمانی ئەستیرەکانی ئاسیا:




کوروش باقری کیشهەلگر (وەزنە بەردار)ی کوردی ئیران (خەلکی کرماشان)و قارەمانی جیهان لە سالی ٢٠٠١و هەر وەها باشترین کیشهەلگری ئیران لە سالی ١٣٨٠دا، لە پیشبرکیی کیشهەلگری ئەستیرەکانی ئاسیادا، کە رۆژی ٢٤ی بانەمەر لە ولاتی قەتەر بەریوە چوو، پلەی یەکەمی کیشی ٩٥ کیلۆی وەدەست هیناو میدالی زیری ئەم پیشبرکییەی بردەوە. لەم یارییانەدا کیشهەلگرانی یەکەم تا سیهەمی ئۆلەمپیكو جیهان بەشدار بوون.

### ئەییوب رۆستەمیو وەدەستهینانی میدالی برۆنزی ئاسیا

سیهەمین خولی جۆدۆی قارەمانیلاوانی ئاسیا (ژیر ٢٠ سال) لە رۆژەکانی ٢٦و ٢٧ی بانەمەر لە دیمەشق پیتەختی سووریە بەریوە چوو. لە ئاکامدا کورەی باشوور، ئیرانو ژاپون پلەی یەکەم تا سیهەمی ئەم پیشبرکییانەیان وەدەست هینا. ئەییوب روستەمی وەرزشکاری خەلکی سنەی کوردستانی ئیران کە لە کیشی ٨١ی ئیراندا بەشداری کردبوو، بە دوای سەرکەوتن بەسەر لوبنان، عەرەبستانو سووریە تەنیا بە یەك شکست پلەی سیهەمو میدالی برۆنزی ئاسیای وەدەست هینا.

### بەهائەدین ئەدەب کاندیدای پۆستی سەرۆکی فیدراسیۆنی بەسکتبال

بە دوای بەشداریی لاوازی بەسکتبالی ئیران لە یارییەکانی رۆژئاوای ئاسیاو دەست لە کار کیشانەوەی سەرۆکی فیدراسیۆنی بەسکتبال، حەوت کەس بۆ وەدەست هینانی سەرۆکایەتیی فیدراسیۆن خۆیان کاندیدا کردوە. لە نیو لیستی کاندیداکاندا ناوی بەهائەدینی ئەدەب نوینەری شاری سنە لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا وەبەرچاو دەکەوێ.

ئەگەر ئەدەب ببیتە سەرۆکی فیدراسیۆنی بەسکتبال، دووهەم نوینەری مەجلیسە کە سەرۆکایەتیی یەکیك لە فیدراسیۆنەکان وەئەستۆ دەگرێ.

### سەرکەوتنی ئەمیر خودامورادی لە هەلبژاردەی لاوانی ئیران

لە لایەن حەمید درەخشان راهینەری هەلبژاردەی لاوانی ژیری ٢٠ سالی ئیرانەوە، ٢٦ یاریزان بۆ پیکهینانی تیمی لاوانی ئیران دەعوەت کران تا لە یارییەکانی ئاسیایی ٢٠٠٢دا بەشداری بکەن. لە نیو ئەو یاریزانانەدا ئەمیر خودامورادی خەلکی سنە وەبەرچاو دەکەوێ. لەو ماوەیەدا لاوانی ئیران بۆ خۆ ئامادە کردن چەندین یاریی دۆستانەیان لەگەل تیمەکانی ئۆکراین، ئازەربایجانو قەتەر بەریوە بردوەو ئەمیری خودا مورادی بە یاریی جوانو بەهیزی خۆی سەرنجی حەمید درەخشان راهینەری هەلبژاردەی لاوانی بۆ لای خۆی راکیشاوەو لەوانەیە یەکیك لە یاریزانە سەرەکییەکانی لاوانی ئیران بیت.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تیبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 342 5 June 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،

براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## بەر لە ماڵاوایی

## دیسان بۆ منداڵانی

## ناز لێشێواوی گەلەکەم

**ع. وریا**

"دەست دەدەمە قەڵەم تا شتێك لە بارەی ئاهونزای ئەو منداڵە ناز لێشێواوانە بێنمە گۆڕێ کە لە سەر خاکی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بەڵام لە غوربەتێکی غەریب‌و تاڵدا، خەمی دووریی باوکی زنجیر کراویان لە زیندانەکانی ئەو دیوی سنوور دا، نیگەرانی لە چارەنووسی ناروون‌و تاسەی سەر لە نوێ بینینەوەیان، لەو ماوەیەدا بۆ ساتێك بە جێی نەهێشتوون. دەمەوێ بچمە نێو جیهانی مەراق‌و خۆزگەو خەون‌و خەیاڵی منداڵانەیان، ئەو ساتانەی بەخەیاڵ وەك پەری‌و فریشتەکان لە شەققەی باڵ دەدەن‌و لە تاریکیی ئەنگوستە چاو دا، دوور لە چاوی زیندانەوانان‌و ئەشکەنجەگەران، بە دەلاقەی بچووك‌و تەنگی ژووره تەنگەبەرو تاریکە تاکەکەسی‌یەکاندا، خۆیان دەگەیەننە ئامێزی باوکیان. دەزانم لەو ئاوات‌و خەون‌و خەیاڵانەیاندا نە دڵیان دێ‌و نەبە مێشکیان دادێ سیمای بە هەیبەت‌و قارەمانانەی باوکیان بە شەمزاوی بێننە بەرچاویان. ئەوان دڵیان نایە شوێنەواری ٨ مانگ ئازارو ئەشکەنجەدرانی بەردەوامی رووحی‌و جیسمی لە سیماو رواڵەتی خەیاڵیی باوکیاندا بەدی بکەن." (١)



١


٢


٣

١ـ سارۆ
٢ـ ئەردەشیر
٣ـ سۆران
٤ـ گوڵستان
٥ـ ژاڵە


٥


٤

لەو کاتەوە کە ئەم دێڕانەم بە بیانووی رۆژی جیهانیی منداڵان‌و بە بۆنەی خەمی بێ کۆتایی دابڕانی "ژاڵە"و " سەمیرە"، "گوڵستان"، "ئەردەشیر"و "کوردستان" لە باوەشی پڕ لە خۆشەویستیی باوکیان نووسیوە، ٥ ساڵ رابردوە.

"ژاڵە" لەگەڵ چەند هاوتەمەنی دیکەیاندا بۆ جێژنی لە دایکبوونی "هانا"ی هاوڕێ‌و هاوپۆلیان هاتوون. باوکی "ژاڵە"و "سەمیرە" (حەمە عەزیز قادری)، لەگەڵ باوکی "گوڵستان"، "ئەردەشیر"و "کوردستان" (ئەرشەد رەزایی)دا "٦ ساڵ لەمەوبەر لە هەڵەبجە وێڕای ٥ تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لە لایەن "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان"ەوە گیران‌و بە قۆڵبەست کراوی تەحویلی رێژیمی کورد کوژی کۆماری ئیسلامی درانەوە.

لەگەڵ چەپکە گوڵی پیرۆزباییدا، کارتێکی پیرۆزباییش بە دەست ژاڵەوە دەبینم. لە خوێندنەوەی بەپەلەم. لێی نووسراوە: "دەیەمین ساڵی لە دایکبوونت کە بە لای هەموو دایك‌و باوکێکی دنیاوە خۆشترین ساتی هیوادار بوون بە ژیانە، پیرۆز بێ". لەسەر وشەی "بە لای هەموو دایك‌و باوکێکی دنیاوە"، دەگیرسێمەوە‌و دنیایەك خەم‌و حەسرەت‌و خەون‌و ئارەزوویان لە پشتیەوە دەخوێنمەوە. شێعرەکەی سەعدیم دێتەوە بیر:

**چو بینی یتیمی سرافکندە پیش** (٢)
**مدە بوسە بر روی فرزند خویش**

نازانم لە پێکهاتنی جێژنی لە دایکبوون بۆ جگەرگۆشەکەی خۆم پەژیوان بم یا لە دەعوەت کرانی "ژاڵە" بۆ ئەم جێژنۆکەیە؟ بۆ چی بووین بەهۆی وەبیر هێنانەوەی بێ‌بەشی لە سێبەری باوکی، یا وەبیر هێنانەوەی بێ‌بەشی لە جێژنی لە دایکبوون بە بەشداریی باوکییەوە؟ شەڕی دەروونیی خۆمی لێ دەشارمەوەو لێ دەگەڕێم تا دەڕوا. دواتر سەر لە نوێ دەکەومەوە لۆمەی خۆم. سەرئەنجام هەق بە "منەکەی بەرامبەرم" دەدەم کە دەڵێ: "تۆ شایانی لۆمە نی کە بۆ منداڵەکەی خۆت جێژن دەگری‌و چەند منداڵی نازلێشێواویش لە خۆشیی ئەو جێژنەدا دەکەیە هاوبەش. ئەوانە شایانی لۆمەو زۆر لە لۆمە بەو لاوەتریشن کە دنیای پیرۆزو پڕ لە خەون‌و خۆشەویستی‌و نازی ئەو منداڵانەیان تێکدا، ئەویش لە ژێر ناوی پیرۆزی "ئیسلام"و لەبەرگی "**مجاهد فی‌سبیل الله**"دا تێك دا.

١ـ "کوردستان" ژمارە ٢٤٦، جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی، وتاری "بۆ منداڵانی نازلێشێواوی گەلم"

٢ـ واتە لەبەرچاوی هەتیوێکی لارەمل منداڵەکەی خۆت ماچ مەکە.

## به بۆنەی کرانەوەی
## پێشانگای نیگارکێشیی منالانەوە







سەعاتی ١٠ی رۆژی ٨١/٣/١١ی هەتاوی لە ساڵۆنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە بۆنەی رۆژی جیهانیی منالانەوە پێشانگایەکی نیگارکێشیی کرایەوەو لەگەڵ پێشوازیی گەرمی منالان‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان‌و پیاوانی دێموکرات ڕووبەڕوو بوو. ئەو پێشانگایە کە بە هیممەتی ژمارەیەك لە مامۆستایانی قوتابخانەی "ئازادی"* کرابۆوە، گەلێك نەققاشیی جوانی منالان بەتایبەتی ئەو نەققاشیانەی کە لە ماوەی خوێندنی ئەمساڵ لە پۆلەکاندا کێشرابوونەوە، بە شێوەیەکی ساکار خرابوونە بەرچاو.

هەر کەس بە وردی سەرنجی نەققاشی‌یەکانی بدابایە، بۆی دەردەکەوت کە ڕاستی دنیای منالان گەورەو فراوانەو ئارەزووو خۆزگەکانیان وەك خۆیان وردیلەن. زۆربەی هەرە زۆری نەققاشی‌یەکان ڕەنگ‌و بۆی تاراوگەیان پێوە دیار بوو، خانووبەرەیەکی بە تەنیا کە تووله رێیەك لە شوێنێکی نادیار را دەچووە سەری؛ دوو داری سەوزو سەوزەڵانی دەورووبەری خانۆکەو خۆری سەرسەری؛ وێنەیەکی پڕ لە خەیاڵ بوون کە لە زۆربەی نەققاشی‌یەکاندا خۆیان دەنواند. تەنیایی خانووبەرەکە ڕەنگدانەوەی ئازاری رووحی‌و دووربوونەوە لە شوێنی دڵخوازی منالانی پێوە دیار بوو. بەڵام وێڕای ئەمەش ئەو خانووە تەنیایە بەسەوزایی‌و داری بە ژن ڕاست‌و چڕوپڕی دەورووبەری‌یەوە هیوای ژیانێکی ئارامی بە مرۆڤ دەبەخشی. خۆر لە زۆربەی نەقاشی‌یەکاندا ڕەمزێك بوو بۆ دوارۆژێکی ڕووناك.

لە کاتی کرانەوەو سەردانی خەڵك لە پێشانگاکەدا، خونچە گوڵێك، کیژۆڵەیەکی خنجیلانەی میکرۆفۆن بەدەست، زیت‌و وریا، پرسیاری لەم‌و لەو دەکردو دەیپرسی پێشانگاکەتان پێ چۆن بوو؟ ئێوە خۆتان منالتان هەیە؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو منالانەی کە لە کەمپەکانی حیزبدا دەژین؟ چ ئارەزوویەکتان بۆ منالان هەیە؟

کاتێ ئەو پرسیارانە گەیشتنە منیش، پێشەکی لە وشیاری‌و وریایی ئەو خانمۆڵەیە گەزگەز باڵام کرد، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لە ئاخری پرسیارەکانی‌دا خەریك بوو کورتێ بێنم، خودا خودام بوو لە کۆڵم بێتەوە! چ ئارەزوویەکت بۆ منالان هەیە؟ بە ناچاری وەڵامێکم بۆ ئامادە کردو وتم هیوادارم لە دنیای گەورەو بەرینی منالاندا ئارەزووە گچکەکانیان وەدی بێن، هەرچەند گومانم لە وەدیهاتنی ئەو خۆزگەیە دەکرد، ئاخر خۆم لە منالی‌دا هەزاران ئارەزووی وەدی نەهاتووم زیندە بە چاڵ بوون.

* قوتابخانەی "ئازادی" قوتابخانەی منداڵانی بنەماڵە کوردە ئێرانی‌یەکانی نیشتەجێی کەمپی ئازادی لە نزیك شاری کۆیەیە.

**ب. جەهانگیری**

## هەڵبژاردەیەك لە ماددەکانی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی منداڵان

**ماددەی ٦ (مافی ژیان)**

هەر منداڵێك مافی ژیانی هەیەو ئەوە مافێکی زگماکیی ئەوە، کە لەلایەن هەموو حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمانەوە بە رەسمی دەناسرێ.

**ماددەی ١٦ (پاراستنی هەرێمی شەخسی)**

١ـ هەرێمی شەخسی‌و تایبەتیی هیچ منداڵێك نابێ بکەوێتە بەر دەستدرێژی. ئەو هەرێمە کە هەموو بوارو لایەنەکانی پێوەندیدار بە ژیانی بنەماڵەیی، خانووبەرە، ئابڕوو و نامەگۆڕینەوەی شەخسی دەگرێتەوە، نابێ بە ئانقەست‌و بە شێوەی ناقانوونی دەستدرێژی بکرێتە سەر.

٢ـ هەبوونی پشتیوانیی قانوونی لە بەرامبەر ئەو جۆرە هەڕەشانەدا، مافی هەر منداڵێکە.

**ماددەی ٣٢ (قەدەغە بوونی چەوساندنەوە)**

١ ـ حکوومەتەکان ئەو مافە بە رەسمی دەناسن کە منداڵ لەباری ئابووری‌یەوە نابێ بچەوسێتەوەو نابێ کارێکی پێ‌بکرێ کە بۆ سلامەتیی لەش‌و گیانی‌و بۆ هەڵدان‌و گەشە کردنی ئەو، زیانی هەیە.

٢ـ حکوومەتەکان بۆ دەستەبەر کردن‌و جێبەجێکردنی ئەو مافە، لە ئیمکاناتی جۆراوجۆری قانوونی، کۆمەڵایەتی، ئیداری‌و فێرکردن کەڵك وەردەگرن. حکوومەتەکان بۆ ئەم مەبەستەو بۆ هاوهەنگاوی لەگەڵ پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکە، وێڕای دیاریکردنی تەمەنی کار کردن‌و ماوەو هەلومەرجی کاری منداڵ، سزای جۆراوجۆر لەگەڵ گەمارۆی ئابووری‌دا بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەو بارەوە خەتاکارن، دیاری دەکەن.

**ماددەی ٣٦ (پشتیوانی لە بەرامبەر جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەدا)**

حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان، لە بەرامبەر هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکدا کە زیانی بۆ منداڵان هەبێ، پشتیوانییان لێ دەکەن.

**ماددەی ٣٩ (پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی منداڵانی زیان پێ‌گەیشتوو)**

بە مەبەستی سلامەتیی رووحی، جیسمی‌و کۆمەڵایەتیی منداڵێك کە بووە بە قوربانیی جۆرێك لە بەدرەفتاری، ئەشکەنجە، چەوساندنەوەو هەر کردەوەیەکی دژی ئینسانی، حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن.

بنیاتنانەوەی جیسمی‌و ڕەوانی دەبێ لە جێگایەکی لەبارو لە هەلومەرجێکی گونجاودا، سلامەتی‌و حورمەتی منداڵ دابین بکا.

## لە پێشبڕکێ‌یەکانی جامی جیهانیی ٢٠٠٢دا
## سیگارکێشان قەدەغەیە!

ئەگەرچی دوو وڵاتی ژاپۆن‌و کورەی جنووبی لە باری لەسەرەوە بوونی ژمارەی سیگارکێشانەوە لە ریزی وڵاتانی یەکەمی دنیادان، بەو حاڵەش پێشبڕکێ‌یەکانی جامی جیهانیی فووتباڵی ٢٠٠٢ کە لەم دوو وڵاتەدا بەڕێوە دەچن، دووکەڵی سیگار بەخۆیانەوە نابینن. فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی فووتباڵ (فیفا)و ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت بڕیاریان دا سیگارکێشان‌و کڕین‌و فرۆشتنی سیگار لە گشت یاریگەکان‌و هەموو ئەو شوێنە دیاریکراوانەی پێوەندییان بە یاری‌یەکانی ئەو جامەوە هەیە، قەدەغە بکرێ. ئەوە یەکەم جامی جیهانی‌یە کە بە دوور لە دووکەڵی سیگار بەڕێوە دەچێ.

ڕۆژی دەست پێکردنی جامی جیهانیی ٢٠٠٢ (٣١ی مانگی مای)، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی بەربەرەکانی لەگەڵ سیگارکێشان (یا وەك خزمانی گەرمێن دەڵێن "خواردنی جگەرە"). هەر بۆیە لە پێشوازی ئەم ڕۆژەدا، کۆمەڵێك کاری تەبلیغاتی لە دژایەتی لەگەڵ کێشانی سیگارداو بە مەبەستی دەست نیشانکردنی زیانەکانی، دەستیان پێ‌کرد کە هەتا کۆتایی جامی جیهانیی ٢٠٠٢ درێژەیان دەبێ. پێویستە بگوترێ فیفا لە ساڵی ١٩٨٦ەوە پشتیوانیی ماڵیی کارخانەکانی بەرهەمهێنانی سیگاری لە



پێشبڕکێ‌یەکانی جامی جیهانی قەدەغە کردوە.

**"همشهری" ژمارە ٢٧٢٩**